بۆ ئازادی کوردو رزگاری کوردستان ، تەنها رێگایەک هەیە ،
ئەویش رێگای کوردایەتییە

---

# بێچووە چۆلەکەو
# رابەرانی کورد

(کۆمەڵێک لە هەڵبەستە سیاسییەکانی)

د. یوسف زەنگەنە

3122

د . زەنگەنە ، یوسف .

بێچووه چۆلەکەو رابەرانی کورد .

(کۆمەڵێک هەڵبەستی سیاسی )

چاپی یەکەم ، 3122

Zangana. Yousuf, Dr.

Baby Sparrow and the Kurdish Leaders.

(Some Political Poems)

First Edition. 2011.

**ISBN: 0-9534040-3-X**

dr.yousufzangana@yahoo.co.uk

# سەرەتا

( ئەم سەرەتایەم بۆ زۆربەی کتێبەکانم بە کار هێناوە )

تــوو خــواو تــوو ئەو خــەمەی کــەوا ،
دڵـی تـەنگتان دەسووتێنێ ،
تــوو ئەو دەمەی چـاوەڕوانـی ،
دڵ لـه سینـه دەلەرزێنێ ،
لێم زیز مەبن ،
ئەگەر هات و شیعرەکانم ،
خـەمی تری ، پێشکـەشتان کـرد ،
زۆرتر سووتان ،
ئاخر چی بکەم ،

ووشەی دڵەو ،

لە دڵەوە هەڵدەقوڵی ،

بەرەو زمان ،

دڵ ئەلبوومی خەمەو ، وێنەی ،

هەزار کۆرپەی بەجێماوی ،

شەهیدانی لە تۆدایە ،

لە بەر دەرکی مزگەوتەکان ،

هەڵتووتاوون ،

لە سەرماندا ،

لە برساندا ،

بۆ پاروویەك ،

خواردن یا نان ،

باب و داکی شەهیدەکان ،

لە هەژاری و لە بێکەسی ،

سەر بەرەو زەمین کشاوون .

خەمی خۆیان شەهیدەکان ،

کە کوژران ،

لە دڵکە هیچ ،

لە بیریشدا ،

بێناوو ماوون .

رووبارەکان ،

هەموو ووشك بوون ،

گوندەکان و درەختەکان ،

هەموو سووتان ،

گوڵزارەکان ،

رەش بوونەوە ،

هەموو وەرین لە بێ ئاووی ،

دڵدارانی دڵ لە دەست چوو ،

کیژۆڵەیەك ،

دڵدارەکەی ، هەڵواسرێت ،

لەبەر چاووی .

دڵ ووڵاتی ئەمانەیە ،

پایتەختی خەم و ماتەمە ،

پڕ بە هەزار ، دەفتەری تر بناڵێنم ،

باوەڕ بکەن ، هێشتا کەمە .

توو خوا ، توو ئەو خەمەی ،

کەوا لەم چرکەدا ،

لە بیردایە ،

لێم زیز مەبن ،

دڵم ئێزگەی بێ نازەکان ،

نازی تری زۆر تێدایە ،

دڵم گەنجەی ، رازدارەکان ،

رازی تری زۆر تێدایە ،

رازی تری ،

زۆر ،

تێدایە .

# دوای راپەڕین

لێم مەپرسن
بۆچی دیسان
روو ژاکاوو
لە سینەدا ، هەناسەکان ،
حەپەساوو
وێڵ و سەرگەردانم من .
لێم مەپرسن
بۆچی دیسان
بێ ئومیدو
دەست لە ئەژنۆ
کزە دەنگم
زەردە رەنگم
گێژو پەریشانم من .

ئەی کوردانی دوور لە وڵات
ئەی ئاوارە لە وڵاتی بیگانەکان
دوور لەوانەی
روویان دەدا لە کوردستان
لەوێ نەبوون و نازانن
کە چی روویدا
دوای راپەڕین
گویم لێبگرن
پێتان بڵێم
چۆن بووین
چی روویدا
چۆن دەژیاین .
ئەوو جارەشیان
وەکو جاران ،
لە چاوەڕوانی ڕزگارکەر ،
چاوەڕوانی موژدە هێنەر ،

ئاڵا بە دەست ،
ئاڵایەکی پاڵ بە سێبەر
وەك ئەوانەی ،
چل و چوار هەزار پێغەمبەر .
ئەمجارەیان
لە سەر پشتی کەشتی ئاوات
بەرەو کەنار ،
بەرێکەوێت ، بێت و بگات .
بەو هۆیەوەو و بەو مەبەستە
بە کۆمەڵ و دەستە دەستە
لە کەناری ،
دەریای شێتی ،
پر لە زریان
پڕ لە باهۆز ،
پڕ لە توفان ،
دەیان ساڵی ،
دووروو درێژ ،

چاوو لە دەریاو ،
شەپۆڵەکان
دەست لە ئەژنۆ ،
بە بێ چرپە ،
بێ ووتو وێژ ،
دانیشتبووین ،
دەیان هەزار
لە چاوەڕێی
کەشتی هیواو
ئارەزووەکان .

گەیشت ،
بەڵام ،
ئەوجارەیان
یەک رابەری تێدا نەبوو ،
بەڵکو چەندین ،
لە بریتی فرمێسکی چاوو ،

لە ئارەزووی بۆ دووبارە
بینینی خاك
سەدان کۆرپەی ،
بێ باب و داك
سەدان گوندی ،
وێران کراو
چەندین هەزاریش ،
گۆرستان
دەمو چاوویان ،
پڕبوو لە قاقای پێکەنین .
نە یەك ئاڵا ،
بەڵکو دەیان ،
بە سەر سەریاندا ،
دەشەکان ،

گەیشت ،
بەڵام ،

هەزار ئەفسوس
ئەوجارەشیان ،
وەکو هەزار ،
جاری جاران ،
کورد گووتەنی ،
هەمان تاس و
هەمان حەمام ،
هەمان شێخ و
مەلا و ئیمام ،
هەمان تەسبیح ،
هەمان بەرماڵ ،
هەمان دهۆڵ ،
هەمان زوڕنا
هەمان شمشاڵ ،
هەمان چیرۆك ،
هەمان داستان ،
هەمان کەندووی ،

بۆش و بەتاڵ
هەمان پلاو ،
هەمان خەیاڵ ،
هەمان عەبا
هەمان کراس
هەمان شەرواڵ ،
هەمان چەقۆی کلك زێڕین
هەمان چەنگاڵ .

هەموو کەسێك
وەك خۆی وابوو ،
ووشەی سەر زار ،
نەگۆڕابوو .
ئارمان ،
دۆلار .
ئایین ،
دینار .

بڕوا ،
لێره .
پەیڕەو ،
تومان .
یابه ،
یەزدان .
ئاغا ،
خودای ، سەر ئاسمان .
ئارقەداشیش ،
پەروەردگاری گشت جیهان .
لای هەندێکیان ،
هێشتا خاکی عارەبەکان ،
ماڵ و بارەگای خودا بوو ،
لای هەندێکیان ،
قیبله ،
روو له ئەمریکا بوو .
لای بەشێکیان

بۆچوون وابوو ،
هێشتا زەمین لە سەر شاخی
گاو مانگا بوو ،
گا لەسەر پشتی ماسی ،
ماسیش لە نێو دەریا بوو ،
دەریا پڕ لە شەپۆڵ و
شەپۆل روو لە رەشەبا بوو .

ئەوجارەشیان ،
پشت گوێی خرا ،
سکالآکان ،
کە نووسیمان ،
لە نەبوونتان ،
بە دەستانی ،
فارس و عەجەم ،
لە ڕیشەوە ،
هەڵکەندراین .

بە دەستانی ،
گەڵی عارەب ،
لە ڕێی بیری ،
الله و یارب ،
لە ڕاستیدا ،
بیری رەشی
نەوەی قەحتان ،
بە گازو ژار ،
خنکێندراین .
بە دەستانی ،
نەوەکانی ،
ئالی عوسمان ،
بە پیلانی ،
عەهدو پەیمان ،
لە سەر تا پێ ،
سووتێنراین .
لە وڵامدا ،

زۆر بە نەرمی ،
ئەوجارەیان ،
پێکرا گوتیان ،
قەیدی نیە ،
برامانین ،
هاونەژاد ،
هاوو دین ،
هاووپەیمان ،
لە تەنگانە ،
پەنامانن ،
برا گۆشتی برا دەخوا
بەڵام ئێسکی قەد ناشکێنی ،
جەرگ و دڵی دەبرژێنی ،
بەڵام هەرگیز نایسووتێنێ .

ئەوجارەیان ،
زۆر بە نەرمی ،

بەردەوام بوون ،

روو لە ئێمە ،

پێکرا گووتیان ،

ئەی هەڤالان ،

بە هەزاران ،

شەهیدتان دا ،

بۆ یەك ڕابەر ،

بەلام خوێنی ،

ئێوەی گەشی ،

پڕ سوودو فەڕ ،

لە بریتی یەك دانەیەك ،

چووار پێنجێکی ،

هێنایە بەر .

ئەوجارەیان ،

زۆر بە نەرمی

ڕوو لە ئێمە ،

گشت پرسیان ،

کامیان چاکە ؟

یەك دۆست باشە ،

یا خود ، دوو ، سێ ؟

بۆ ڕزگاری ،

یەك تاکە ڕێ ،

یا خود ،

چەند ڕێ ؟

سێبەری ، چوار ،

یا پێنج ئاڵا ،

فێنکترە ،

یا سێبەرێ ؟

کامیان نەما ،

مرۆڤ بۆ پاڵ ،

ئەوی تریان ،

دەردەپەڕێ .

لە شاییدا ،

بە دهۆڵی ،
دهۆڵ کوتێك
زۆر خۆشترە ،
یا پێنج شەشێك ،
پیاو هەڵپەڕێ ؟

رابەرانی ، کەشتی ئومید ،
ئا ئەمە بوو ،
پرۆگرامیان ،
ئا ئەمە بوو ،
موژدەو پەیام ،
لە بۆ داك وبابی شەهید ،
لە بۆ ژن و کۆرپەکانیان ،
لە بۆ خوشکی ، ئەنفال کراو ،
لە بۆ برای ، سەدان ،
کوردی هەڵواسراو ،
بۆ پێشمەرگەی ،

چیاو سەنگەر ،
ئەوەی گڕی خوێنی گەشی ،
لە گەڵ گڕی ،
تیشکی هەتاو ،
دەیکاتە شەڕ .

ئەوەی سەیرە ،
ئەوجارەیان ،
بۆ یەکەمجار ،
لە مێژوویان ،
گشت رابەران ،
بە بێ شەڕوو ،
بێ پێکدادان ،
لە یەك ڕادا ،
هەموو یەك بوون ،
بە ئاشکراو بە نهێنی ،
بە نووسین و ووتە ،

گووتیان:

ئا ئەمە بوو بەرنامەمان ،

ئا ئەمانە نووسراوە

لە پەیڕەوو پرۆگرامان ،

ئەوەی ویستی ،

بیسەلمێنی ،

با بمێنیێ ،

ئەوەی نەیویست ،

ئاوالّەیە ،

گشت دەرگاکان ،

جادەکان ،

پان ،

سنوورەکان ،

بێ سنووروان ،

با بڕوات و

مل و ئەستۆی ،

خۆی بشکێنی ،

لەسەر ئەم خاکە ،
نەمێنیٚ .

ئەی خوێنەری ،
ئەم ووشانەم ،
ئەی گویٚ گرتوو ،
لەم هەستانەم ،
خەمەکانم ،
گەڵێک زۆرن ،
گەڵێک قوولن ،
برینەکان .
ئەمجارەیان ،
مافم بەریٚ
زەرد بیٚ ،
ڕەنگم
ڤژم ژاکاو ،
واقم وورِماو ،

کز بی ،
دەنگم ،
مافم بەرێ
ئەمجارەیان ،
ئەگەر هۆشیش
لە مێشکمدا ،
دەرپەڕێ
هەر ئەمجارە
مافم بەرێ
ئەگەر گیانیش
لە گیانمدا
لە تاواندا
هاتە دەرێ .

# درۆزن

چەند درۆزنن هەندێك رابەران ،
چەندە دڵخۆشن ،
هەژارانی کورد ، بە درۆکانیان ،
گەلێك لە مێژدا کورد رزگار دەبوو ،
گەر پلەی درۆ بهاتایە خوار ،
بەرز ببوایەوە ، هەستی زانیاری ،
کوردانی هەژار .

# برا پێشمەرگەکەم

**( لە کتێبی رەشەبای رقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت دا لە 6542 بڵاوم کردووەتەوە )**

ئاواتی دڵ یەکەو بەرگیش ،
خوێنی نێوان رەگەکانمان ،
کزەی جەرگیش ،
خۆشەویستمان ، نازدارێکەو
پەرییەکی داگیرکراو ،
تۆ بۆ ئەو شێت و دیوانەی ،
منیش بۆ ئەو دەروون سووتاو ،
تفەنگەکەت ،
بە زمانی نێو دڵی من ،
قسە دەکات ،
ووشەکانت قورگی تەنگی تفەنگەکەم ،
دەری دەخات ،
من کە تۆ بم ، هەر گوللەیەك ،

بوەشێنی ،

بەر من کەوێ ،

خوێنی پاکی ، خۆت دەڕژێنی ،

کە خوێنی خۆت ،

رژاندە خاك ،

تۆ دڵی من دەوەستێنی ،

کە منت کوشت ،

دوژمنەکەم ،

دەدا لە قاقای پێکەنین ،

کە من تۆم کوشت ،

هەر ئەو کەسە ،

بە من دەڵێ سەد ئافەرین ،

ئەگەر وایە ،

بە قوربانی دەست و پەنجەت ،

برا گەورە پێشمەرگەکەم ،

خوێنی دڵم ،

کزەی دەروون و جەرگەکەم ،

ناکۆکی نێوان من و تۆ
دووبەرەکی و جیاوازیمان ،
بەردەوام بوون لە سەر دوو رێ ،
بە یەك ووشە لە نێو دەبرێ
لە خۆ بوردن ، لە خۆ بوردن ،
ئەوجا گوللەی هەردوکمانەو ،
مێشك و دڵی پیسی دوژمن ،
مێشك و دڵی پیسی دوژمن .

# دارو بەردی کوردستان

کەم شاخ ماوە نەمپێوابێ
بە فرمێسکی
چاووەکانم نەم شۆرابێ
بۆ لە دەست دانی هەڤاڵێک
تەرمەکەییم لە بن بەردێک
لە بن دارێک ،
لە ئەشکەوتێک ،
نە نێژابێ بە دەستانم
بۆیا شێت و دیل و شەیدای
دارو بەردو چیاکانی کوردستانم .

# روحی زەردەشت

لە سەرەتای ژیانەوە
رەفتارمان ،کردارمان
لە گەڵ یەکدا زۆر جودا بوو
ئێوە شیری قووتووی بۆگەن دەخۆنەوە
منیش شیری ئەو مانگایەم لە لەشدایە
هێشتا تامی ئەوگەڵایەی لە دەمدایە
روحی زەردەشت
لە سەریدا ڕاوێستابوو
ئێوەی نەزان
کورنووش دەبەن
بۆ خواکانی
پارە داری دەورو بەرتان
کوڕنووشی من

بۆ بەردێکە

کێلی گۆڕی

پێشمەرگەیەکی بێناوە

بۆ دارێکە ، بۆ گیاییکە

لە سەر ئەو گۆڕە روواوە

قیبلەی ئێوە

هەوارێکە

زێڕو زیوو و

ماڵ وپارەی لێدەباری

قیبلەگای من

هەوارێکە

ئەوەی لێی دێ

بۆنی قرچەی

دڵی دایکەو

بۆنی گڕی کێڵکەو ڕەزو

خانوو و درەختی سووتاوە ،

بۆ چاڵێکە

لەشی سەدان
کیژە کوردو
کوڕە کوردو
پیرە کوردو
کۆرپە کوردی
بە نێوی خواو ئەنفالەکەی
بە زینوەتی
لە نێویدا ئاخێنراوە .

# زمانی کوردی

گەر لەو دوونیادا ،
هات و لێی پرسیم ،
سەر دادگای خودا
فێری زمانی ،
عارەبی نەبوویت ،
پەیڕەویت نەکرد
لە زوانی قورئان ؟
دە پەنجە دەکەم بە نێو چاوویدا ،
بۆ نەزانینی زمانی عارەب ،
لێم بدات تاوان ،
گەر بڵێ حۆری و بەهەشت و بەزمی ،
حەرامە لە تۆ ،
روو لە جەهەنەم من هاوار دەکەم ،

دەرگا بکەوە ،

فریشتەی دۆزەخ ،

گەر لە بارەگات ،

کوردیە زمان .

# خەمەکانم

خەمەکانم ، چەندە زۆرن ،
زۆرتر لە دلۆپەی باران ،
سووتێنەرتر لە ئاگرو
گڕی خۆرن ،
بە هێزترن لە بلێسەی مەشخەڵەکان .
خەمەکانم
تینوون ، تینوون ،
تینوو وەکو
دەشتی ووشکی
ئاوو نەدیدە ،
چەندەها ساڵ ،
وەك رووباری ،
خوواری کانی ووشك کراو و

دەروون سووتاو .
خەمەکانم
گەورەن ، گەورەن ،
وەکو خەمی ، دایکی نازا
بۆ گرۆگاڵی یەك منداڵ ،
خەمی بولبول ،
لە سەر لاشەی
گوڵی ژاکاو ،
خەمی گوڵی لێوکراوە ،
بۆ ماچێکی دڵدارەکەی ،
لە نێو قەفەسدا ،
بەندکراو .
گەورەن ، گەورەن خەمەکانم ،
گەورەترن ،
لە سەرجەمی خەمەکانی ،
گشت گیاندارانی ،
رووی زەمین ،

لە سەرەتای ژیانەوە
تاکو ئێستا ،
ئەوانەیان کە مردوون و
ئەوانەشیان هێشتا دەژین .
گەورەترن لە خەمی چڵ ،
لە پاییزدا
کە زەرد دەبن ،
ووشك و دەمرن
یەك لە دوای یەك کۆرپەکانی
چەند ناخوش و خەم هێنەرە
کە دەبینێ
لە بن پێدا دەهەنجرێت کۆرپەیەکی
کە دەبیسێت ، خشەکانی
کە بایەکی بێ بەزەییش
رای دەماڵی لەبەر چاووی
نە باسێکی بۆ دەمێنێت نە هەواڵی
نە نێویکی ، نە نیشانی .

خەمەکانم ،
گەورەترن لەوەی رووبار
بە سەد رەنج و سەد تەقەللا
ئاو دەکێشی و ئاو کۆدەکا
لە ناکاودا دەیمژێت و لورفی دەدا
دەریای زۆردار .
گەورەترن خەمەکانم لەوەی دەریا
کاتێک هەتاو
گڕی گەرمی تیشکی قینی
بەرەو سینەی دەوەشێنێ
دەیکوولێنێ ،
دەیکا بە تەم دەیکا بە هولم
رایدەکێشی بەرەو ئاسمان ،
لە بەر چاووی دەیکا بە هەور ،
دەیسپێرێتە دەستانی با
ئەویش بیکا تا بە باران
بیبارێنی بە سەر خاک و دەریای تردا

ئەمیش بێدەنگ ، بێدەسەڵات ،
خەمەکانی دەیخواتەوەو
ئەم خەم دەخوات .
خەمەکانم
گەورەترن ، لە گشت خەمێ ،
تاکو ئێستا باسکراوە ،
لە گشت خەمێ تاکو ئێستا
لە سەر کاغەز نووسراوە .
خەمی من و لاڵ و کەڕێك وەك یەك وایە
ئەو تێناگات لە پیلانی دەورو بەران
بەڵام منی رەنج بە باچوو ،
لێم تێناگەن خەڵکی جیهان ،
لێم تێناگەن خەڵکی جیهان .

# رۆژی سەنت پاتریك

**17.3.2003**

سەنت پاتریك ،
خاکی ئێرلاندی لە ژوور ،
تا دەگاتە خووار ،
گشت پاك کردەوە
لە دوو پشك و مار .
بۆیە نێو نازی
پیاوی پیرۆزی ،
پێ بەخشێنرا .
لە حەڤدەی ئازار
رێزی لێدەگرن
جەژنەو هەڵدەکەن
بۆی شەم و چرا .

ئەی سەنت پاتریک گیان
دەست بە دامێنت ،
گۆڕ هەڵتەکێنە ،
بڕۆ کوردستان ،
داگیرکەرانی ئەو سەر زەمینە
مار نین ئەژدەهان .
بەڵێن بێت بێت و
خاک بە دەریان کەیت
نە تەنیا نێوی سەنتت پێدەدەین
دەتکەین بە شێخی
شێخ و ئیمامان .

# من

دەریایەکم ،
زۆر پان و پۆڕ
بە پیلانی ئاو لێڵ کەران ،
قەد لێڵ نابم ،
ئەو ڕێگایەی ، لە سەریدام
بە پیلانی ، ڕێ وون کەران ،
تاکو مابم ،
لێی وێڵ نابم .

ڕووبارێکم ،
بە زمانی
بە مانگە شەو ، وەڕیوەکان ،
تا دڵۆپێك ئاووم تێ بێ ،
قەد پیس نابم .

من گولێکم ،
جودا ، لە گشت ، گوڵانی تر ،
بە هەناسەی پیسی نایار ،
تا رەگێکم ،
لە سەر چڵ بێ
قەد سیس نابم .

درەختێکم ،
هەزاران ساڵی درێژە ،
لەم خاکەدا
بە بڕیار و دەست خودا ،
من ڕوواووم ،
تا تەڵێکی ،
رەگ و ڕیشەم ،
لە بن گڵ بێ
لە تێکۆشان ،

دەست بەرنادەم ،

لە پێناوی کوردایەتی ،

ئارمانێکە ،

کە منی بۆ ،

چەقێنراووم .

# گرپوگاڵ

ئای چەند خۆشە
مێشکم جار جار
پاش دەکشێ ،
سی و پێنج ، چل ساڵ ،
زۆر بە نەرمی ،
دەمهاوێتە
نێوە ڕاستی
دەریای خەیاڵ ،
دیسان دەمکات
بە لاوێکی ، پڕ ئارەزوو ،
جارو باریش ، دەبمە منداڵ
منداڵێکی پڕ گرپوگاڵ ،
هەندێ جاریش
کەمێك لاسار .

ئای چەند خۆشە
لە خەیاڵدا منداڵم و
لە خەیاڵی منداڵیدا
گەورەترم
لە فرۆکەی ئاسمان پێوی
دوو وولاتە زلهێزەکان
بەرەو بنی ئاسمان ،
دەفڕم ،
خاوەن شکۆو دەسەڵاتم ،
بەڵام هێشتا
لە ڕووی زەمین
هەر کوردەکەی
بێوڵاتم .

لە ئاسمانی ،
دوور لەزەمین

پاش پشکنین
ئەستێرەیەك پەیدا دەکەین ،
نێولێنانی ،
مافی منە ،
لە پێش چاووی ،
کامیراکان ،
تەپەدووری شووشەی
شەمپاین ،
دەپەڕینم ،
ئاڵایەکی ،
هەتاو لەسەر
خنجیلەو جوان
لە باخەڵم ،
دەردەهێنم ،
لە سەر نووکی
بەرزترین شوێن ،
دەیچەقێنم ،

بە چاوێکی ،

پڕ لە فرمێسك

قورگێکی پڕ گریانەوە ،

ئەم پەیامە دەوەشێنم ،

لەبەر ئەوەی ستەمکاران

لە ڕووی زەمین ،

ڕێگا نادەن ،

ئێمەی کوردی

خاوەن مێژووی ،

دوورو دێرین ،

وولاتێکی ،

خۆمان هەبێ

چل ملیۆن کورد

لە نێویدا ،

ئازاد بێت و

ژێر دەست نەبێ ،

ئەم ستێرکە ،

نێو لێدەنێم
من کوردستان ،
تاکو ببێت
بە وولاتی ،
ئێمەی کوردان
تاکو ببێت
بە خاڵێکی ،
ڕەش و شەرمیش
لە نێو ڕاستی
نێوچاوانی ستەمکاران .
ڕا دەچەڵکێم و دەبینم
ئا ئەوەشیان هەر خەیاڵە ،
خەونی بیری منداڵێکی
بیست و هەشت و هەژدە ساڵە
بە ئارەزووی وولاتەوە
وەکو کۆرپە
هەر خەریکی گرۆگاڵە .

# ڕابەرانی دۆڕاو

رابەرانی ئێستای ئێمە
بۆ چاندنی
نەمامی گوڵ ،
زەمینێکی رێکخراوو
راستکراوو
خۆشیان دەوێ ،
بۆ رمبازی ،
بۆ هات و چۆ
خۆ پیشاندان
وەك پاڵەوان
مەیدانێکی بۆشیان دەوێ .
بەڵام سروشت
وای لای باوە

باخەوان کاتێ لێشاوە ،
کە پێی بڵێن ،
لە نەمامی
لە نێو دڕکا نێژراوی
گوڵی رەنگاو ڕەنگ رواوە .
لە نێو یاسای پاڵەوانان
نووسراوە ،
ڕابەر کاتێک پاڵەوانە
رم بهاوێت
لە مەیدانێک
کە بە سوارەی دوژمنانی
پاش و پێشی لێگیراوە ،
رابەرانی پاڵەوانمان
وا دەردەخەن ،
پاڵەوانیش
لە سنووری دەسەڵاتیان
مەرج و یاساکەی گۆڕاوە

تاکو دوێنی
بە براوە دەگوترا
شێری مەیدان و پاڵەوان
بەڵام ئەمڕۆ پاڵەوانی
ناونازی
پیاوی دوڕاوە .

# باسی دڵسۆزی

باسی دڵسۆزی
بۆ نەتەوەکەم ،
پاکی دەروون و
زمان و چاووم
لە تابلۆیەکدا ،
نەقش کراو
بە ملی خۆردا ،
هەڵواسراوە .
خۆفرۆشان و نالەباران و
دوژمنانی بیر
بێهێزتر لەوەی
وەکو رووی خۆیان
تابلۆکە رەش کەن

لەو شانازیە
نێوم بێبەش کەن
چونکە نێوەکەم ،
روون و دیارە ،
وەکو هەتاوە
دەست گەیشتنی
نالەبارانیش ،
بە گەردنی خۆر ،
خەیاڵی خاوە .

# گڕی بیری کوردایەتی

دوژمن توانی
چەندین هەزار
کوردی هەژار
بە گازو ژار
بخنکێنیٚ
سەدها هەزار
درەخت و دار
کێڵگەو گوڵزار
بسووتێنیٚ
چەندین هەزار
چەشمەو کانی
بە چیمەنتو
دابۆشێنیٚ

بەڵام هەرگیز ،
پێی نەکرا
کڵپەی گڕی
بیری پاکی
کوردایەتی
نە لە مێشکمان
نە دڵمان
دامرکێنێ .

# کەرکووك

پێشکەشە بە رابەرانی کورد

خاکی کوردستان
شەرم ئەکا ئێوەی لێ لە دایك بوون
دایکی خۆتانیش ،
ئەگەر مابایەن ،
خۆزگایان دەخواست ،
کە لە بار دەچوون ،
شیری خۆیانیان لێو حەرام دەکرد ،
وەکو کەرکووکتان کرد لە کوردستان
خستتانە مەزاد بۆ پارەو بۆ بوون ،
چەند کورسی وەزیر ،
بۆ چەند قەلەموون .

# چیرۆك بۆ مندالاًن

یەکێ بوو یەکێ نەبوو
لە خودا گەورەتر نەبوو
باو بوو کە یەك فاتحە
بخوێنن بۆ یەك مردوو
ئەگەر مردوو دوو بایە
فاتحەش دەبوو بە دوو
وەختی ئەوە هاتووە
کەوا زۆر بە پەلەو زوو
یەك فاتحا بخوێنین
بۆ دوو شتی لە دەست چوو
یەکەم کەرکووك کە رۆیشت
سپێردرا بە دوژمن
دووەم دوو پارتی کوردی

کە بە دوو دەستی خۆیان
گۆڕی خویان هەڵکەندو
چوونە جیهانی مردوو .

# قودسی مام جەلال ، دڵی کاک مسعود

له ووڵاته بێدڵەکەی
مام جەلال و کاك مەسعوددا
ئەوەی دەیکەن ،
دژ بە کوردەو دژ بە یاسا
دژ بە خەڵکەو دژ بە خودا
گەر بپرسن ،
بۆچی و چییەو چۆن وادەبێ ؟
دەڵێم دەژین لە نێو لاشەی
سەرزەمێنێکی مردوودا ،
ئەگەر بڵێین ئەوە نییە شەو تا بەیان
لە دهۆك و سولەیمانی و لە هەولێردا
بەزمەو هەرایەو شادیەو سەیران

لێیان دەپرسم
لەشێك بێدڵبوو
پێی دەڵێن زیندوو
یا دەڵێن مردوو ؟
مەگەر هەردوولا ،
نەیان دەفەرموو
کە شاری کەرکووك ،
شەرەفی کوردەو دڵی کوردستان
ئەمڕۆ ئەو دڵە خرایە ژێر پێ
ئەو شەرەفەشیان
چووە باوەشی
عارەب و کلدو ئاشووری و تورکمان
بێ کەرکووك هەرگیز رەوا نابینم
بە خۆیان بڵێن
سەرۆك هەریمی خاکی کوردستان
بەڵکو سەرۆکی خاکێکی مردوو
بە کوردی پەتی ، یانی گۆڕستان .

# ئاگر پەرستی

پێم دەڵێن ئاگر پەرستەو
روو لە ئاگر نوێژ دەکا
ووشەی ئاگر دەبارێنێ ،
بە ئاگر دەست رێژ دەکا
نیگای گڕ ، هەناسەی گڕ ،
گڕ دەبارێنێ چاووی
زوانی بە گڕ دەچەرخێت و
بە گڕ ووت و وێژ دەکا

ئای کە شێتن دوژمنانم
گێلن و گەوج و نەزان
گەر بەوانەی باسی دەکەن
لێم بدەن تیشەو تاوان

پێشینەی من نەناسن و
بێئاگان لە زێدی من
لە نێو گڕ چاووم هەڵهێناوو
زمانم هاتە سووڕان ،
ئەوەی گڕ بێ شیری مەمکی
سینەی دایکی
ئەوەی گڕ بێ ئاوی شادی
پشتی باوکی
شەرم نییە شل و خاوو بێ
کەسێك کەوا
بە خەنجەری نووك ئاگرین
بڕا ناووکی

پێیان دەڵێم با بزانن
خەڵکی شاری گڕستانم
لە نێو گڕی ئەو شارەدا
هاتنە جیهان باپیرانم

لە نێو خاکی ئاگریندا
یەك لە دوای یەك نێژران
حەرام زادەم گەر گڕ نەبم
منیش لە رووی دوژمنانم .

# دڵداره درۆزنەکان

کاتێ زانیم ،
هەتاو لای من کە ئاوا بێت ،
لە سەر سینەی یارم هەڵدێت ،
بە تەلەسکۆبی خەیاڵم ،
کێشام ،کێشام ،
تا گەیشتە ،
زەبری پەنجەو دەست و باڵم ،
لەسەر کوڵمی ئاگرینی ،
نووسیم گیانە ،
خۆشتم دەوێ .

شەو نەخەوتم ، تاکو بەیان ،
لە چاوەڕوانی وڵامی ،

کە نووسیبووی ،
هەی درۆزن ،
درۆزنەکان ،
نووسیمەوە ،
سوێند بێت ، بە گیانە پاکەکەت ،
ئەی یارەکەم ،
بووکی هێوام ،
نازدارەکەم .

ناڵەی لە وێوە هاتە گوێم ،
ئیتر پاك نیم ،
داگیر کرام ،
یاری تۆ نیم ،
فرۆشرام ،
بووکی تۆ نیم ،
من دزرام ،
من دزرام ،

کاتێك کە تۆ
بە جێت هێڵام .

هەزار سوێندو هەزار پەیمانت ،
لە بیر کرد ،
هەزار ، یا من ،
بووکی تۆ بم ،
یاخود نەمانت ،
لە بیر کرد ،

کاتێك کە من فرۆشرام . . . . . .
نە خۆت کوشت و خوێنی دڵت ،
تازە زاوا بخنکێنیٚ
نە ، نەڕاندت ،
کە نەڕەی تۆ ،
فرۆشیارو کڕیاری من ،
بترسێنیٚ ،

نە هێرشی جارانت ما ،
کە ئەو پەیمانە ،
بشکێنیّ .

هەر تۆ نەبوویت ، ئەمەت پێم کرد ،
لە نێو هەموو عاشقاندا ،
ئەتکمت برد ،
دڵدارانی ، دیکەی وەك تۆ ،
بەمەش وازیان لێنەهێنام ،
کە تۆ کردت ،
خۆت هەڵهاتی و بە جێت هێڵام ،
بەڵکو ئەوان ، گەڕانەوە ،
چەند کرپاری تازە تریان ،
بە دوواوە بوو ،
ئاگرێکی پڕ لە گرپان ،
بە دوواوە بوو ،
نە تەنها گرپان تێبەردام ،

لە چەند لاوە ،کەوتنە گیانم ،
لەت لەت کرام ،
سوتام ،
برژام ،
شوناسنامەی ،
هەزار ساڵەیان ، دڕاندم ،
بەڵکو ناووم سڕایەوە ،
بانگی تازە ،
لە بن گوێمدا درایەوە ،
نێوی تازەم بۆ دانرا ،
ئاڵایەکی تازەتریش ،
لەسەر سینەمدا ، هەڵکرا ،
بۆیا ئیتر ، باسم نیە ، دەنگم نیە ،
کەس نامناسێ ، بێزمانم ،
نامەکانم ، بە کەس ناگات ،
کەسیش نامەم بۆ نانێرێت ،
چونکە ئیتر ،

لە گشت پۆستەخانەکانی جیهانیشدا ،
بێ نێووم و نێو نیشانم ،
لە گشت ،
پۆستەخانەکانی ،
جیهانیشدا ،
بێ نێووم و نێو نیشانم ،
روو رەشی بۆ
دڵدارەکانم ،
دڵدارە درۆزنەکانم .

# کچی بەسە

بۆ شیعرێکیش بۆ من نالێی . . . ؟
مەگەر دڵت ،
باسی منی تێدا نییە ،
کە شیوەنت هەر بۆ گوڵە ؟
خۆشەویستی منی مەگەر ،
لێدا نییە ،
یاخود سینەت بە بێ دڵە ؟
کچی بەسە ،
دە بەس بڵێ ،
دڵ ، دڵ ،
دڵ ، دڵ ،
مەگەر رۆژی ئاشنایی ،
پێ نەووتی من بێ دڵم ،
مەگەر نەمووت ،

لە وڵاتی بێکەسەکان ،
دڵم دۆڕان ؟
بە جوانێك و
لە پێش چاووم ،
دەڵاڵەکان ،
دایان بە شوو ،
بە پیرەکەی تەریقەتیان ،
بە چەند گەنجەی پڕ لە پارە ،
بە چەند کۆشك و
بە چەند خانوو ،
مەگەر نەمووت ،
لە تاووی ئەو ،
دەربەدەر بووم ،
ئاوارەو وێڵ و سەرگەردان ؟
مەگەر نەمووت ،
من بێ گوڵم ،
گوڵی هیوام ،

گوڵ فرۆشێك ،

خەڵاتی کرد بە شا ژنێك ،

تا لە بەزمی سەرکەوتنی ،

مێردەکەیدا ،

لە سینەی دا ؟

شەوی شادی ،

گوڵی سینەی ،

ئەو شاژنە ،

گوڵی من بوو ،

شەوی بەزمی گوڵ فرۆشان ،

لەگەڵ ئەوان ،

شەوی مەرگی

دڵی من بوو ،

بۆیا ، ئێستا ،

من بێ دڵم ،

بۆیا ، ئێستا ،

من بێ گوڵم .

# شەیدای کەرکووك

مەهاباد- رۆژهەڵاتی کوردستان
33.: .2: 85

مەستی دوور بوو لە بادەی مەی
وا گەیشتە بارەگای
لێوی خستە لێوی تەنکی
هاتە دی ئاوات و هیوای
بولبلی دەم بە شین و زار
خۆی خستە سەر لێوی گوڵ
پەپوولەی دیلی دڵداری
خۆی گەیاندە کێوی دڵ
شەپۆڵی ناوەندی دەریای
بە جۆش و سەرشێت و هار
لە قەفەسی تاریك هەڵهات
خۆی گەیاندە سەر کەنار
شەوی دڵتەنگ و تاریك

گەیشتە ئەستێرەی گەش
کە باوەشیان لە یەکتردا
لە بیریان چوو کاتی رەش
تیشکی رۆژی گەرمی عاشق
بۆ ئەوەی بگات بە خاك
لەت لەتی کرد هەوری ئاسمان
بێ بەزەیی و ترسو باك
کەوی کزی پاڵ بەردانی
بێ جمو جۆڵو شۆخو شەنگ
راوکەر نەما بە سەربەستی
وا دەخوێنی پڕ بە دەنگ
راوکەری ماندووی ئاوارە
لە شوێن نێچیری روژان
بە هەر جۆرە هەوڵدانی بوو
خۆی گەیاندە ئاسکی جوان
هەموو گەیشتن بە ئومید
دەستیان کردە ملی ئاوات

ڕێگای تاریکیان رووناك بوو
کاتێ هەتاوو لە دوور هەڵهات
گیانە ئەی منی ئاوارە
دەبێ کەی بێ بگەم بە تۆ
کەی بێ منیش رزگارم بێ
لە گریان و شین و ڕۆ ڕۆ
کەی بێ منیش وەکو مەستان
بگەم بە بادەی لێوانت
کەی بێ منی سووتاوی تۆ
بگەم بە دەریای چاوانت
وەك بولبولی شەیدا یارە ،
کەی بێ بۆن کەم گوڵی سینەت
وەك بولبولی شەیدا گیانە ،
کەی دەگەمە دڵی سینەت
بڵێی منیش هەر وەکو شەو
لە تاریکی رزگارم بێت
ئەی ئەستێرەی ئومێدی من

کەیە ئەو رۆژەی کە هەڵبێت
کەی بێ تیشکی رۆژی رووی تۆ
هەڵبێت لە پێش چاوانی من
کەی دەخوێنی کەوی بەندی
باڵ شکاوو رووتاوی من
بە نێچیری ئاوات کەی بێ ،
وەکو راوکەر منیش بگەم
کەی بێ و بڵێی منیش باوەش
لە خۆشەویستی دڵ بدەم
دڵی شەیدام بڵێی بێت و
پاش سووتاندن بگرێت ئارام
ئەگەین بە یەك دڵدارەکەم
بۆچ بێدەنگی کەیە وولام ؟

# رەشەبای ڕق

نەورۆزە پێشەکی بەهارە ،
وا دەڵێن ئەوو ئەم ،
کە دەڵێن جەژنەیە ، شادییە ،
من دەڵێم ، نا ، ماتەم ،
کە دەڵێن بنۆشە ،
تۆش شەراب ،
بە خۆشیساڵی نوێ ،
من دەڵێم ببورن ،
بێ مەی و شەراب و
بێ بادەم ،
کە دەڵێن ، پێکەنە ،
بڕوانە ،گشت گوڵە چووار دەورت ،
من دەڵێم ،کوانی گوڵ ،
بۆ بۆنی هەست ناکەم ؟

کە دەڵێن ئەوەتا ،

زەردو سوور ،

کاڵ و ئاڵ ،

من دەڵێم ، ئەی دەستی شکاووم ،

بۆ تاقە گوڵەکەم ،

فرمێسکی خوێناوی ،

کتووپڕ ،

بە چاوما دێتە خووار ،

پڕ بە دڵ ، دەگریم ،

دەسووتێم ، بە بێدەنگ ،

وەکو شەم ،

چۆن نەگریم ،

نەناڵێم ،

نەسووتێم ، وەکو شەم ،

فرمێسکم ، خوێن نەبێ ،

نەکێشم ، دەردو خەم ،

شێت نەبم چۆن وەکو ،

بولبولی زیندانی نیو قەفەس ،
ببینم ، دەوەرێ ،
گوڵی دڵ ، بەر لەوەی ،
هەڵبێنێ ، چاوو دەم .
گوڵێ بوو ، لە جێی ئاو ،
دەیمژی خوێنی دڵ ،
نە تەنها رووناك و سوور نەبوو ،
ئاسمانی ووڵات و منیشی ،
تاریك كرد ،
كرد بە تەم ،
ئاوات و رەنجدانی ، چەند ساڵی ،
لەگەڵ خۆی وەراندو بردە خاك ،
هەناسەی دەرنەچووی ،
لە سینە حەپەساند ،
ووشكی كرد ، خوێنی نێو ،
چووار بەشی دڵەكەم .
. . . . . . . . . . . . . . . .

بەڵێن بێت ، تا مابێت ،
لە لەشدا ، دڵۆپێک ، خوێنی تەڕ ،
خۆ بکەم بە گوللە ،
نارنجۆک ،
بە خەنجەر ،
هەر وەکو رەشەبای ،
رقی نێو ،
دڵێکی شێت کراو ،
بڕژیمە سەر ئەوەی ،
کە منی بێ گوڵ کرد ،
کە منی بێ دڵ کرد ،
هەر وەکو تیری نێو ،
کەوانی دەستێکی ، پڕ هێزی ،
دڵێکی بێ نەرمی و بەزەیی ،
خۆ بکەم بە جەرگ و
بە دڵی ئەوەدا کە دڵی سینەمی ،
لە بن پێ هەنجنان ،

ئاواتی نزیك و دووریشی
لێ وون کەم ،
بە دەست و بە چاوو و
رەفتارو کردارو نووسین و
بە زمان ،
وونی کەم وەکو بەرد ،
لە دەریای بێ بندا ،
لە تۆڵەی وەرینی ،گوڵەکەم ،
گوڵەکەی ، ئاواتە وون بووەکەم .

# چیرۆکێکی شانۆگەری

چیرۆکێکی شانۆگەری ،
داستانەکەی ،
بەسەرهاتی میللەتێکە ،
چووار هەزار ساڵ و شتێکە ،
لەسەر شانۆی خاکەکەمان ،
بەردەوامە ،
بە تەما بووین کە دووا پەردەی ،
لەم چەرخەدا ،
بە ئازادی میللەتەکە ،
بە سەربەرزی ئەکتەرەکان ،
کۆتایی بێ ،
شیوەن و گریان و ماتەم ،
بە شایی بێ ،

چیرۆکەکە ،
هەزار زریانی خوێنی دی ،
دانەخرا ،
چەندین هەزار ،
بوومە لەرزە ،
ئەکتەرەکانی نە لەرزان ،
شانۆکەشی وێران نەکرد ،
دیوارەکانی نەڕوخان ،
ئەکتەرەکان ،
یەکی چەند جار ،
بەر هێرشی ،
تۆکڵە شووتی ،
هێلکەی گەنیو ،
کاڵەکی بڵ ،
گوللەی تۆپ و تفەنگ دران ،
بەڵام هەرگیز ،

لە شانۆکە ، دانەبەزین ،

رایان نەکرد ،

نەقشی خۆیان ،

زۆر چاك نووان .

تا گەیشتە ،

حەفتاو پێنجی چەرخی بیستەم ،

رەشەبایەك لەگەڵ کەمێ ،

بەفرو باران ،

شەختەو تەرزە ،

شانۆکەیان ،

خستە لەرزە ،

دەرهێنەر ،

شانۆی بە جێهێشت ،

رەق بوونەوە لەسەر شانۆ ،

ئەکتەرەکان ،

بۆ یەکەم جار ،

بە شەرمەوە ،

بەڕێوەبەر ،

پەردەی شانۆکەی ،

داکشان ،

پەردەی ،

شانۆکەی داکشان .

# خۆشەویستی

تۆ من خۆشەویستتم و
منیش خوشەویستم کوردستانە
تۆ بۆ من دڵت سووتاوەو
من بۆ ئەوماڵم وێرانە
تۆ بە بێ من خەوت نیە و
شەو و ڕۆژت لایەکە
منیش لە دووری ئەودایە
خەو لە چاووم هەراسانە
تۆ دەڵێی چەند مانگی درێژە
من عاشق و دیوانەی تۆم
منیش لەسکی دایکمەوە
بوومەتە شێتی ئەو جوانە
تۆ دەڵێی لە ناڵەی دڵمە

وەختە هەناووم دەرپەڕی
منیش دەڵێم ناڵەی دڵمە
خەڵك دەڵێن هەوری زستانە
دەڵێی نێوی جوانی تۆیە
بوەتە وێردی سەر زمانم
بووە بە خەو بە خۆراکم ،
تەهلیلەی رۆژو شەوانە
مزی مزی نێوی ئەوە
لە سەر جووتە لێوانی من
گوێگرانی دەورو بەرم
دەڵێن زیکری دەروێشانە
تۆ دەڵێی گەر بۆ من نەبی ،
تا ماووم ژینم زیندانە
منیش دەڵێم یا ئەو بۆ من
یاخود بەشی من نەمانە
ئەگەر بۆ عیشق وەفاداری ،
دەزانی مانای دڵداری

مەبەرە بەردی سەر ڕێگام

مەمکەرە ریسوای زەمانە

گەر زێڕو زیوی جیهانم

لە بن دوو پێدا بڕێژی

بۆ تۆ وازی لێ ناهێنم

تاکو ماووم لەم ژیانە

کیژی چاك بەو لە بیرم کەو

روو لە لایەك تر بکە

با منیش ڕێگای خۆم بگرم

تا دەگەم بەو نیشتمانە .

# مێژووی کورد

مێژووی ئێمەی نەتەوەی کورد
پڕ لە داستانی شیرینە ،
پڕ لە خوێنە ،
پڕ برینە ،
هەندێ رووداوی تێدایە ،
پڕ لە قاقای پێکەنینە ،
لەبەر ئەوەی من تۆم خۆشویست ،
کوردفرۆشان بڕیاریان دا بکوژرێم ،
ئەوەی سەیرە ،
کە کوژرام ،
بکوژانی دڵ پڕ کینە ،
وینەی تۆیان دا لە سینە.

# رابەرانی کوردی لە بەرد داتاشراو

لە ئاوێنەی چاووی رەشی
کیژە کوردێکی دەربەدەر
شتم بینی
سەیرو سەمەر
بتم بینی ،
نا لەوانەی ،
بابی ئیبراهیم پیغەمبەر
نا لەوانەی
شارەکانی عارەبستان ،
نا لەوانەی ،
چین و تەبت ،
نا لەوانەی ،
هیندوو یابان
بەڵکو بتی نێو ماڵی کورد ،

لە نێو سنووری کوردستان .

ئەوانە بوون

کە ئێمەی کورد ،

وەك هەمووان

دامانتاشین ،

لە بەردی ڕەق

لە قوورڕو دار

چاوو نووساو و

بیر بەتاڵ و

دەست بەستراوو ،

هەڵمانواسین

لە بەر دەرگاو

لە سەر دیوار

چەقاندمانن ،

لە گۆڕەپانی

گوندو شار ،

خەڵکانی تر

بتەكانیان كرد بە خودا
ئیمەش كردمانن
بە رابەر ،
بەڵام ،كاتێك خوێنی لاوان
گیانی بەخشی بە بتەكان
كاتێك چاوویان كرایەوەو
هاتنە زمان ،
داروین گوتەنی
لە مەیمونەوە
گۆڕان بە ئینسان ،
بوون بە ڕێوی خەڵكی ترو
پڵنگ و شێر لە سەر خۆمان ،
بوون بە نۆكەر بۆ بێگانە
لەسەر ئێمە ،
بە پاڵەوان و قارەمان .

# بێچوه چۆلەکەو رابەرانی کورد

کە هیندۆسێک
گا دەبینێ ،
خوداوەندی دێتە بەرچاو .
گوڵ ،کوڵمی یار
دێنێتە یاد ،
قژی خاویش ،
تەڵی زەردی تیشکی هەتاو .
خشەی گوریس ،
کەڵپەی ماری
پڕ لە ژارو خوێن و زووخاو
دێنێتە یادی مار لێداو ،
سەڵیب ، عیسای هەڵواسراو ،
کەعبە ، خودای نەبینراو .
گڕی ئاگر ،
زەردەشتەکەی کوردی بێناو ،
ئەوەی زۆر سەیرو

سەر سوورِێنەرە
بێچوە چۆلەکە ،
رابەڕانی کورد
بە یاد هێنەرە ،
هێندە گوناهە
بێچوە چوڵەکە
بەستە زمان و
دەست بەستراوو
بێتوانایە ،
لە برسا دەمرێ
باوە ، یا ، دایە
کەم کەم خواردنی
بە دەمدا نەکا ،
چییان بە سەر دێت
رابەرانی کورد
بە بێ ئینگلیزو
بە بێ ئەمریکا ؟

# رابەرانی ئەمڕۆی شۆڕش

گەر بە تەمای گوڵزارێکی
پڕ لە گوڵی جۆراو جۆرو
رەنگین بین ،
گەر چاوەڕوانی هاتنی
بەهارێکی ،
سەوزو جوان وپڕ لە مێوەی
شیرین بین .
دەبێ درك و
گەڵا و پووشی
ووشك و بێ کەڵك ،
لە نێو باخ و کێڵگەکاندا ،
دانە ، دانە ، هەڵکەنین ،
تاکو ئاووی روونی شیرین ،
بگات بە ریشەی گوڵەکان ،

دەبێ هەموو جۆگەلەکان ،
پاککەینەوە ،
بەستاوەکان بڕوخێنین .

رابەرانی ، ئەمڕۆی شۆڕش ،
بە دیمەن مەری پێغەمبەر ،
لە راستیدا ،
گورگی هارن ،
دووپشکن ، ئەژدیهان ، مارن ،
مارگەر سەد جارکلکی ببڕن ،
لە نێو ناچێت ،
تاکو سەری نەهەنجێنن ،
بۆ ئازاد بوون لە رابەران ،
ئەم هەڵویستە بسەلمێنن .

# له دەفتەری بیرەوەرییەکانمەوە

ئەوان لە سەنگەر
لە ژێر ئاگری ،
فرۆکەو تۆپدا ،
لە خوێنی خۆیان ، دەتلانەوە ،
ئەمانیش لە تاو
مەستی و سەرخۆشی
عەرەقی فۆدکاو ،
شامپاین و ویسکی
لە بن خێوەتی سپی گەورەدا ،
وەکو پەروانە ، دەخولانەوە ،
رادیۆی شۆڕشیش ،
گەڵێك بە گەرمی ،
باسی دلێری ئەمانی دەکرد ،
کە چۆن شێرانە ،

بەرەو دوژمنان
هێرشیان دەبرد ،
پیاو بۆ دزێکیش ،
درۆیەك بکات ،
راستی دەفەرموو
رادیۆی کوردستان ،
لە هێرشدا بوون ،
ئەوان و ئەمان ،
ئەوان بە خەنجەر
بەرەو رووی دوژمن
بە پەلە دەچوون ،
ئەمان بە چەقوو ،
بۆ رانە بەرخ و بۆ بوقەلەمون ،
هێرشی ئەوان ،
دوژمن بەزێن بوو ،
هێرشەکەی ئەمان ،
شەراب شکێن بوو .

# دەریای ئاسنین

دەریایەکی ئاسنینە ! ! !
دەریا ، دەریایە ،
ئاسنیش ئاسن ،
دەریای ئاسنین ،
ئەی دەبێ چی بێ ؟
خۆتان وێڵ مەکەن بە شوێن وڵامدا ،
فەرموون بیناسن .
کاتێ دەریا ،
تینووی دەبێ ،
ئاووی هەموو رووبارەکان ،
بەفرو باران ،
دەخواتەوەو هەڵدەمژێ ،
ئەگەر تێر بوو ،
دیسانەوە دەبێ بە تەم ،

دەبێ بە هەور ،

بە ئاسماندا هەڵدەکشێ ،

ئەم دەریایەی مەبەستی من ،

لە بریتی بەفرو باران ،

هەڵدەمژێ ، خوێنی

پیرو کۆرپەو لاوان ،

بۆ تێر بوونی ئەم دەریایە ،

هێندە خوێنی یەکترمان رشت ،

هەموو پڕ بوون رووبارەکان ،

هێندە ، باب و خوشك و برای

یەکترمان کوشت ،

سوور وەرگەڕا بە خوێنمان ،

دانەی سپی بەفری زستان ،

هەوری ئاسمان ،

خوێن دەڕێژی بە سەرماندا ،

لە بریتی ئاووی باران ،

ئەم دەریایە ،

گەرچی خوێنی
دەیان هەزار لاوی کوردی
هەڵمژیوە ،
بەڵام هێشتا تینوویەتی و
رەنگی تێری بە خۆیەوە نەبینیوە ،
لە برساندا ، ئارام ناگرێت ،
خەریکی ئەم دیو ئەو دیوە ،
رەقە وەکو شەختەو سەهۆڵ
لە راستیدا ئاسنینە ،
نەرم نابێ ،
چەند رۆژ دەڕوات و
چەند رۆژ دێ ،
نە بە کڵپەی خوێنی لاوان ،
نە ئاگری ، جەرگی هەزار
دایکە کوردی دڵ بریندار ،
نە ئاگری ئەو گوندانەی
لە پێناوی دڵی ئەودا ،

به درەخت و خەرمانەوە ،
بە کێڵگەو رەزو باخەوە ،
بە گیاندارو بێ گیانەوە ،
یەك لە دوای یەك ،
دەرووخێنین ،
وێران دەکەین ،
دەسووتێنین .
ئەم دەریایە ،
بێ بەزەیی و
پڕ لە کینە
ئاسنینە ،
دڵی تینووی گەورەکانە ،
دڵی سەرەك پارتەکانە ،
پارتەکانی کوردستانە .

# چەند درێژە شەو

چەند درێژە شەو
چەند دوورە بیری ئەوەی کە چاووم ،
بۆ چرکەیەکیش ،
خۆی بسپێرێتە
دەستی سوپای خەو ،
دەنگی رەشەبا ،
لەرزەی خستووەتە پەنجەرەو دەرگا
بەڵام لە سینەم ، شنەی نەماوە
تۆسقاڵێکیش با ،
خڕەی سینەم و
بەردی رووباری
رێبەست لە لافاو
وەك یەك دێنە گوێم
هێشتا ئازارێك ،
جێی نەهێڵاووم ،

خوولەك بە خوولەك
لە چاوەڕوانی دانەیەکی نوێم ،
هەزاران خۆزگە بە کۆت و زنجیر
لەوان سەختترە
ئەوەی ئالاٌوە لەم رۆژانەدا
لە دەست و لەپێم
لە پەروەردگار دەپاڕێمەوە
پاڕانەوەکەم جێ بە جێ دەبێ
خەمێك لادەچێت
هەزار دێتە ریم .

# کاتێک کە . . . قسە دەکات[1]

بەهار هات و
بەهاری من
دەڵێی ئەمساڵ
زۆر جیاوازە
گوڵ ناپشکێ
گەڵا زەردە
هەتاو تیشکی
زۆر لاوازە

[1] . ئەم هەڵبەستە لە 36 . 4 . 2:99 ، چەند رۆژێک دوای کارەساتە دڵتەزێنەکەی حەلەبچە ، لە مانکنامەی کوردنامەی ژمارە (9) ی چاپی لەندەندا ، بڵاوکرایەوە ، هەروەها لە هاوینی هەمان ساڵدا لە وەرزنامەی (السفیر الکردستانی- المکتب الاعلامی البریتانی- الکردستانی- لندن) ژمارە (1) ی بڵاوکرایەوە و لە کۆڕێکی شیعریدا کە مەڵبەندی روناکبیری کوردی لە لەندەن ریکی خستبوو ، لە گەڵ چەند هەڵبەستێکی دیکەدا خوێندرایەوە .

چیا بەرگی
سەوزی جوانی
لەبەر نییە
هاژە هاژە
ئاو نابیستم
چۆلەکەکان بێ جریوەن
کەو بێ قاسپە
بولبولەکەم ، بێ ئاوازە
ئەستێرەکان ،
وەکو جاران
ناترووسکێن
روو بێ نەشئەن
مانگ پشتی هەور
جێناهێڵێ
خۆی ناگۆڕێ
ناڕوات بەرەو
شێوەی تازە

بەفری سپی لووتکەکانم
بۆچی ناگرێت
بۆ زستانی لە دەست دەرچووی
گوڵاڵە سوورەی خوێناوی
سەر دەر ناخات ،
قومری بۆچی وا بێنازە .

نە پێکەنین ، نە گریانی
کۆرپەکانم دێتە بەر گوێ
نە لایە لایەی دایکەکان
نە ترقەی میرووی دەزرازە
نە راژەنینی بێشکەکان ،
بڵێی شەو بێت و نووستبن
درێژ نابێت
هێندە شەوان ،
یا لە ناکاو گەورە بوون و
بێنیازن لە خواردنی

شیری مەمکان .

نە شمشاڵ و بلوێنی شوان ،
نە قۆچانێ و مرەی بەران ،
نە گۆرانی و هۆرەو چەپڵە
نە قیژە قیژوو هاوارو
نە دەنگی یاری منداڵان ،
دەبیستم و دێت بە گوێمدا ،
نە ئاخ و ناڵەی دڵداران ،
بڵێی شوان و شمشاڵ
خەو بن
رانەمەڕیش گورگ لێیدابێ ،
گۆرانی بێژو هۆرە کێش
هەردووکیان دەنگیان نووسابێ ،
منداڵ چووبێتە خوێندنگا
گوێڕایەڵی مامۆستا بێ ،
دڵدارانی دوێنیش ، ئەمڕۆ

هەموو دەستیان لە دەست نابێ ؟
نە زەمزەمەی ووشەکانی
ئاوێستاکەی پیری موغان ،
نە بانگ بۆ نوێژ
لە سەربانی مزگەوتەکان ،
دێتە بەر گوێ ،
نە خوێندنی ئایەی قورئان ،
بڵێی هەمدیس و سەر لە نوێ
دین و ئاین فت کرابێ
یاخود بانگی ئاش بەتاڵیان
لە ناکاو بۆ هەڵدرابێ ؟
دڵ دەترسێ
مێشك دەپرسێ
شتێکی تر رووی نەدابێ .
چییە ، بڵێی توفانی نوح
بۆ دووەم جارە رووی دابێ ،
بڵێی نەخشەی گەورەی جیهان

تێکدرابێ ،
هێرۆشیماو
ناکازاکی و
ڤێتنامیشیان ،
بۆ باوەشی من هێنابێ ،
یا رەزا خان و ئەتاتورك
یابە قەحتان ،
هاتوون ، تینوون
لە خوێن مژین ،
تینوەتیان ، نەشکابێ ،
بلێی نەوەو بێچوەکانیان ،
لەم سەردەمەش
دیسان ، سەریان ، دەرهێنابێ ؟
چییە ، بۆچی وا بێ رەنگن ،
لاڵن ،کەڕن ، چی روویداوە ،
وا بێ دەنگن ،
یا دەترسێم ، بە فەرمانی ،

زۆر زوو و ناوەخت ،
ئیسرافیل بووقی نەمانی ،
گیاندارانی ،
سەر رووی زەمینی لێدابێ ،
یا شتێکی تر قەوما بێ ،
یا خەمێکی وا گەورەیە ،
کەس نەتوانی باسی بکات ،
زمان بۆیە بەسترابێ ،
هەناسەکان ،
لە سینەدا حەپەسابێ ؟
گەلێك سەیرە ،
بۆ ئەم نالەو پرسیارانەم ،
بۆ ئەم خەم و ئازارانەم ،
لە جیهانی پڕ لە دەزگای ،
مافی مرۆڤ ،
یەك وڵام دەرێك نەمابێ ،
لە سەر مێزی مرۆڤ دۆستان ،

نووسراوێك دەست نەکەوێت ،
کە باسی منی تێدابێ ،
رووڕەشی بۆ دەزگاکانی
مافی مرۆڤ ،
مرۆڤدۆستان ،
خۆشەویستیان گەر وابێ ،

ئەمە بوو نالّەی حەلەبچە
شاری خنکاوی کوردستان ،
خەمەکەی هێندە گەورە بوو
وەکو مرۆڤ هاتە زمان .

# ووردە واڵە□

هەراج ، هەراج
هاتم ، هاتم ،
هەراج ، هەراج
هاتم ، هاتم ،
هاتم شتی چاکم پێیە ،
موکێش ، گوێزان ،
کل و کلدان ،
تایبەتە بۆ
چاووی پیاوە ، نا پیاوەکان ،
بۆ خۆکوشتن

[2] ا: لە گەڵ هەڵبەستەکەی کاتێک کە . . . قسە دەکات ، لە کۆڕەکەی مەلبەندی روناکبیری کوردی لە لەندەن خوێندرایەوە .

ب: ووردە واڵە ، جاران بەو کەسانە دەگووترا کە بە گوندەکاندا دەسووڕانەوەو لە سەر پشتی ووڵاغ هەموو بابەتە کەل و پەلێکیان دەفرۆشت بە گوند نشینان

چەقۆو خەنجەر ،
عەباو پەچە ،
ئاوڵك ،کرشان ،
بۆ گۆڕینی سەروو شێوەی ،
بە خوێنی کورد
بازرگانە دۆڕاوەکان .
هاتم ، هاتم ،
شەرمم پێیە ،
چەند دڵۆپێك
ئاووی حەیای گەرمم پێیە ،
بۆ ئاوو لە روو تکاوەکان ،
بۆ ئەوانەی حەلەبچەیان ،
کردە شاری کوندە بەبوو ،
بە کەلاوە ،
بە گۆڕستان ،
بۆ ئەوانەی کە فرۆشتیان ،
بۆ چرکەیەك خۆ پیشاندان ،

لەبەر دەستی ئاغاکانیان ،
خۆ هەڵکێشان ،
لە باوەشی ، گەرم و نەرمی
ژنەکانیان .
حەراج ، حەراج ،
هاتم ، هاتم ،
شەرمم پێیە ،
چوند دڵۆپێك ،
ئاوی حەیای
گەرمم پێیە ،
بۆ رابەرە دۆڕاوەکان ،
ئەوانەیان ، کە بێ شەرم و
بێ ئابڕوون ،
ئەوانەیان ،
کە بێ حەیان .

# مافی ئاژەڵ

دەزگاکانی پارێزگاری
لە درەختان ،
ئەی ئاژەڵ و
چیاو ئاوو
هەوا دۆستان ،
دوژمنانی بیری بوونی
چەکو بۆمبای زەڕەو ئۆتۆم ،
گوڵ و گەڵاو
چڵ پەرستان .

دەزگاکانی مافی مرۆڤ
لە گشت جیهان ،
بێدەنگن و کەڕو کوێرن ،

بیٚ جم و جۆلن ، بیٚ زمان ،
لە کوشتنی دەیان هەزار
کوردی بیٚ گونا ه و تاوان ،
لە هەڵواسینی سێدارە ،
گوللە باران ،
لە مردنی هەزاران لاو ،
لە ژێر ئەشکەنجەی
نێو زیندان ،

بیٚ ئومید بووین ،
هێندە دەستمان پان کردەوە ،
پاڕاینەوە
هێندە گریاین ،
مرۆڤ دۆستان ،
یا بیٚ دڵن ،
یا خود سەنگە ،
هەموو دڵیان ،

لە ئاستی کورد ،
لە ئاستی
گەلّی کوردستان .

ئاژەلّ دۆستان ،
گولّ و گەلاّ و چلّ پەرستان ،
با واز بێنین ،
لە گەلّی کورد ،
وا بزانین کوردێك نیە ،
لە نێو جیهان ،
دەزگاکانی مافی مرۆڤ
ئەوانیش هیچ ،
وا بزانین کە مەقەبان ،
تەنیا ووشەن لەسەر کاغەز ،
لە سەر تابلۆی ،
دیوارەکان ،
ئەی ئێوە چی ؟

ئاژەڵ دۆستان ،
دارو گەڵا و گوڵ پەرستان ،
هەر بۆمبایەك ،
دەستی دوژمن ، دەیوەشێنیّ ،
مرۆڤ کە هیچ ،
سەدها درەخت ،
دەسووتێنیّ ،
سەدها ئاژەڵ لە کێوەکان ،
لە نێو دەبات ،
سەدها ماسی لە رووباردا ،
دەکوژێت و دەفەوتێنیّ ،
بەرگی سەوزی کێوەکانیش ،
لا دەبات و
بەرگی رەشیان لەبەر دەکات ،
ریشەی هەزار
جۆرە گیاندار
هەڵدەکەنیّ و دەیمرێنیّ ،

هەوای ئاسمان ،
ئاڵۆز دەکات ،
ئاوەکانیش دەلەوتێنیّ .
دەزگاکانی پارێزگاری لە درەختان ،
ئەی ئاژەڵ و چیاو ئاوو هەوا دۆستان ،
ئەمانە هیچیان مرۆڤ نین ،
بیّ بایەخ بن
لە پەیرەوو پرۆگارمی دەزگاکەتان ،
ئێوەش وەکو دەزگاکانی مافی مرۆڤ ،
رقتان لێبێت ،
ئەمانە خۆ هیچیان کورد نین ،
ئێوەش وەکو دەزگاکانی
مرۆڤ دوستان ،
لە دڵتاندا ، بە بیّ جیّ بێت .
ئەی ئێوە بۆچی بێدەنگن ؟
لە سووتانی ،
هەزار کێڵگەو هەزار خەرمان ،

ئەی ئێوە بۆچی بێ دەنگن ؟
لە مردنی سەدان ئاژەڵ ،
لە سووتانی درەختەکان ،
نەکات ئێوەش ،
وەکو ئەوان ،
تەنیا نێو بن ،
یا ووشە بن ،
لەسەر لاپەڕەی کتێب و
لەسەر تابلۆی دیوارەکان ؟
ئاژەڵ دۆستان ،
گوڵ و گەڵا و چڵ پەرستان ،
خۆ پیشاندان ، خۆ پیشاندان ،
مرۆڤی کورد کە هیچ ، بەڵام ،
لە پێناوی ئاژەڵەکان ،
گەڵا و گوڵ و درەختەکان ،
لە کوردستان ، لە کوردستان ،
بەڵکو بە هۆی ئەوانەوە ،

رزگاری بێت مرۆڤی کورد ،

لە نێچوونێکی بێگومان ،

سەرشۆڕی بۆ

دەزگاکانی مافی مرۆڤ ،

نێوە بە بێ ،

تۆو ناوکەکان .

# چیرۆکی شەو

کاتێک پەیام[3]
وورده وورده چاوەکانی
دەسپاردە لەشکری خەو ،
پرسیارێکی زۆر سەیری کرد ،
چیرۆکێکی کوردەواریم
بۆ باس ناکەیت بۆ خەواندن ،
بابە ئەمشەو ؟
سەرم بەرزکرد بەرەو ئاسمان
پرسیم خوا گیان
تۆ پێم بڵێ
چی بۆ باسکەم
چی بنووسم بۆ منداڵان ،

[3] پەیام نێوی کوڕە بچووکەکەمە.

باسی چییان بۆ تۆمارکەم ،
کە ببێتە چیرۆکی شەو
کاتی خەویان ،
خەوێکی شاد ،
خەوێکی خۆش ،
وەکو خۆیان ،
پڕ لە وێنەی ، خنجیلەو جوان ؟
دانە دانە ،
نە هەر جارێك ،
بەڵکو دەیان و سەدان جار
پەڕەی مێژووی
نەتەوەکەم هەڵدایەوە
بیری مێشکم ،
رەوانە کرد ،
نە تەنیا بۆ تاکە یەکشار ،
بۆ گشت گوندو بۆ
گشت شارێك ،

بۆ گشت ناوچەو گشت هەوارێك ،
مێشکی سەرم ،
شەختەی بەست و
وەك سەردەمی سەهۆڵ بەستان ،
چونکە ئەوەی کە دەمبینی ،
تۆفان ،
زریان ،
رەشە با بوو ،
دەنگی تەقە ،
زرمەی تۆپ و
گرمەی جەرگ بڕی
بۆمبا بوو ،
ئەوەی بیستم ،
باسی دەیان ،کۆرپەی کوژراو ؟
کە تفەنگیان ، خستە دەمیان ،
لە بریتی گۆپکەی مەمکان ،
یا کۆرپەیەك ،

سەربازێکی زۆر بێویژدان ،
بۆ زانینی توانای خۆی لە تەقەدا ،
لە بریتی بەردێك ، دارێك ،
کردییە نیشان ،
یا کۆرپەیەك ،
هێشتا لە نێو سکی داك بوو
بابی درا لە سێدارە ،
چەند چرکەیەك لە پاش ئەوەی لە دایك بوو ،
لە برساندا بە بێدەنگی ،
داکەکەشی گیانی دەرچوو ،
ئەو کۆرپانەی ،
لەسەردەمی کۆ رەویدا ،
لە باوەشی داکەکاندا گیانیان سپارد ،
فڕێدران ،
یا ئەوانەی لە سەردەمی
ئەنفالەکان ،
وەك سەردەمی جاهلیەت ،

بە زینوەتی ،
بە دەستانی جاهیلانی
ئەم سەردەمە ،
ژێر لم خران ،
کۆرپەڵەکەم ،
ئەی پەیام گیان ،
ئەی کۆرپەکانی کوردستان ،
ئەی گوڵانی نوێ پشکتوو ،
ئەمجارەشیان لێم ببوورن ،
کە نەمتووانی ،
چیرۆکێکتان بۆ بنووسم ،
پڕ لە شادی و پێکەنین بێت ،
پڕ لە باسی زۆر شیرین بێت ،
تا ببێتە چیرۆکی شەو ،
بۆ ئەو کاتەی چاوەکانتان ،
نەرم ، نەرم ،
کە خەریکن ، دەچنە خەو .

# کاوە

کە شۆڕشەکەی سەری گرت
بە دەست و پێکانی خۆی
زۆر بە پەڵەو دەست و برد
گوێی نەدا بە فەریادی
هەزاران کوردی نێودار
کاوە تاجی شایانەی
بە فەرەیدون پێشکەش کرد
لە پاش ئەو بە سەرهاتە
ئەویش زۆر بە نامەردی ،
خوێنی هەزاران کوردی
دژ بە کاوەی دەرژاند
کاسەو کەللە سەریانی

لەبن پێدا دەکرد وورد
بەو هۆیەوە بوو بە باوو
کە کاوەیەك لە نێو کورد
لەو رۆژە تاریکەوە
سەرو مل دەردەهێنیٚ
کێشەی کورد رادەکێشی
تاوەکو لووتکەی ئاوات
هەر کە دەگاتە لووتکە
بە یەك نیگاو یەك پورکە
پاشە قولێی لێدەداو
لە بندا دەیروخێنیٚ ،
نێرە کوردێکیش نییە
کە لە رابەر بپرسیٚ
بۆ وامان بە سەردێنیٚ .
کە باروو دۆخ ئەمە بیٚ
باشترین چارە وایە
ئەوانەی کە باردارن

لە ژنانی خوداناس ،
ئەوانەی باوەڕدارن
لەپیاوانی چاك و خاس
ئەوانەی کەوا لاون
بێگوناە و مێشك خاوون
دەستیان بەرزکەن بۆ ئاسمان
بپاڕێنەوە بە دڵ
لە پەروەردگارو یەزدان
لە هەموو پێغەمبەران
کاوەیەکمان بێتە رێ
بە مێشك بێ و بێ
دەست و پێ
تاکو بەرەو لای دوژمن
بە دوو پێی نەنێت هەنگاوو
نە دەست لە دەستی بنێ
نە بۆی بخاتە سەرچاوو .

# فرعەونەکانی کوردستان

فرعەونەکان ، نەمرودەکان ،
دێوەزمانی
سەر سینەی کوردان ،
کە دەڕوانمە سەروو سیماتان ،
پەیکەری سەدام
دێتە بەرچاووم ،
گڕ دەکەوێتە جەرگ و هەناووم ،
ئەو کوردی دەکوشت
ئێوەش کورد کوژن ،
ئەو خوێنی دەفرۆشت
ئێوە خوێن مژن ،
ئەو بێ جیاوازی ،
کوردی دەسووتان ،

ئێوه یەك به یەك
پێشمەرگەی ئازاو ،
رۆڵەی قارەمان
کوردی به نێوبانگ ،
کوردی بێتاوان ،
کوردێ کە سەرتان
بۆ دانەنوێنێ ،
یا دەست لە سینه
یا لەسەر چاووان ،
دڵخۆشکەرانی ، بێگانەو دوژمن ،
بەر نەفرین کەون پێش و پاش مردن .

# یەك پەند بۆ دوو سەرۆك

با پیرەمان ،
گەلێك داناو
زۆریش ژیر بوو ،
گوتەی ئەوی داناو ژیرتان ،
بۆ لە بیر چوو ؟
مەگەر نەیگووت ،
ماستی دەستی ، دوو کەیوانوو ،
سەرتووی نەگرت ،
چونکە هەڵچوو ،
لە سەر ئاگر ،
هێشتا شیربوو .

# شەهیدانی بۆکان

سەرکردەی خوێن مژەکان ،
هات و رووی کرد
لە کوردستان ،
خوێنی مژی ،
خوێنیٚ رێژا ،
تا گەیشتە شاری بۆکان ،
ئەم لای روانی ،
ئەولای روانی ،
سەری پیسی بەرز کردەوە ،
بەرەو ئاسمان ،
چەند ئەستێرەی ،
گەشی بینی ،
چەند ئەستێرەی پڕ تریفە ،
خنجیلەو جوان ،

رووناکی و تیشکیان ،
دەوەشان ،
لەوە ترسا ،
شەوی تاریك ،
رێشاندەری ، رێی یاران بن ،
لەوە ترسا ،
رۆشنکەری ، رێگای تاری ،
دڵداران بن ،
بڕیاری دا ، دایان گرن ،
لە کەناری شارەکەدا ،
رایان گرن ،
هەموو گوللەباران کران ،
بە زەردەخەنەی پاکەوە ،
بە عیشقی گەل و خاکەوە ،
کاتێك ، گڕی خوێنی گەشیان ،
لە سینەدا ، شکوفەی کرد ،
بەرەو خاکی تینووی رەنگ زەرد ،

هێرشی برد ،
نە هەر شارێك ،
نە هەر رێگا بۆ چەند یارێك ،
نە هەر شەوی ،
چەند دلْدارێك ،
بەڵکو گڕی خوێنی گەشیان ،
بوو بە مەشخەڵ ،
بوو بە چرا ،
بوو بە ماچی سەر لێوانی ،
یەکاو یەکی دلْدارانی ،
گوندەکان و شارەکانی ،
سەرتاسەری ،
خاکی خوێناوی کوردستان ،
بوو بە پەیرەو ،
بە پرۆگرام ،
بۆ لاوانی هەنووکەیی و
داهاتووەکان .

# کۆترو پێشمەرگە

کۆتر ، کۆتری تەقڵەبازی تر ،
فریو دەدات و
هێلانەکەی خۆی ، پێ بە جێدێڵێت ،
کە فریو خواردو زانی پیلانە
فریودەرەکەی پشت گوێ دەخات و
دەگەڕێتەوە بەرەو هێلانە ،
پێشمەرگە دڵسۆز ، ئازا ، چاوو نەترس ،
وایە بەرامبەر رابەرو بەرپرس ،
ئەگەر وانەبوو ،
نە پێشمەرگەیە ،
نە فریو دراو ،
سەنگەر فرۆشەو ،
دووجار ، خەڵەتاو .

# گوڵی هیوا

خوێنی منی پێشمەرگێ بوو
رژایە خاك
تێکەڵ لەگەڵ ئاووی چاووی
هەزاران خوشك و باب و داك
بۆ ئاودانی گوڵی هیوا
هاتە بەرهەم هەڵواسرا ،
لەسەر سینەی کورد فرۆشان
بێ ترس و باك ،
چەقێنرا لە گوڵدانی
سەر مێزانی
رابەرانی
پیس و ناپاك .

# چیرۆك بۆ لاوانی ساڵی 3131

روو ، مانگێ بەزێن ،
پێکەنینی ، هەتاو سووتێن ،
وێنەی ، پەری ئاسمان برژێن ،
ووشە ، هەنگوین ،
قژ ، هەر وەکو پەلکە زێڕین ،
پەیکەر ، ڤینۆسی خوای جوانی ،
داگیر کەریك ، دڵی لێی چوو ،
داگیری کردو رفانی ،
چەند ساڵێکی دوورو درێژ ،
لە باوەشیا تلایەوە ،
نازدارەکە ،
ئاوەڕی لێنەدایەوە

وەك خۆی بە پاکی مایەوە ،
تاکو ئازاری هەشتاو هەشت ،
دڵدارێکی درۆزنی
لە نەژادەوە دوژمنی
روو گرژو پیس و چڵکنی
تازە تری لێ پەیدا بوو ،
حەزی لێکرد ،
نا بۆ جوانی ،
نا ، بۆ دڵداری و هێنانی ،
لەگەڵ داگیرکەری کۆندا ،
بەربوونە شەڕ ،
بە تۆپ بە تفەنگ ،
بە خەنجەر ،
دڵداری کۆنی هەڵڕەتان ،
تازە دڵدار بۆ بە شێری ،
نێو گۆڕەپان ،
نازدارەکەی لە باوەش کرد ،

بەر بووه خوێن ، هەڵمژینی ،
گڕ تێبەردان و سووتانی ،
کە مرانی ،
بە بێ شەرم و ترس و حەیا ،
تەرمەکەی خستە سەر شانی ،
لەگەڵ برێك ، هاوبیرانی ،
بردی بەرەو گۆڕستانی ،
باپیرانی ،
چەند شێتێکی وەك من نەبێت ،
کەسێك بەم باسەی نەزانی .

# من کێم و چیم ؟

من دەنگی تۆم ،
من بڵندگۆم ،
منم دەنگی بێدەنگەکان ،
من گریانم ،
من گریانی بە هەزاران ،
خوشك و داك وبابی
سەرجەم شەهیدانم ،
گەر بپرسێت ،
من کێم و چیم ،
پەلە پیتکەم ،
پەلە پیتکەی پەنجەی دەستی
شەختە بردووی ،
پێشمەرگەیەکی سك برسیم ،

من سەرچاوەی کانیاوێکی
ئاووی سوورم ،
چونکە خوێنی
هەزارانی پیرو کۆرپەی نەتەوەکەم
لە چاومەوە هەڵدەقولێت ،
گرمەو ناڵەم ،
گرمەو ناڵەی
ئەو خوێنەیە ،
کەوا هێشتا لە ناخمدا
هەر دەکولێت ،
من رووبارم ،
رووبارێکی شێت و هارم ،
لە بریتی مەل و ماسی
تەرمی کۆرپەو ژن و پیاوی ،
بە گازی کیمیاوی خنکاوی ،
هەڵەبجەیە مەل و ماسیم ،
گەر بپرسیت من کێم و چیم ،

من ئاوێنەم ،
شێوەو سیمای راستەقینەی ،
رابەرانتان پیشان دەدەم ،
کوتومت هەر وەکو خۆیان ،
خوێن رێژ ،
خوێن مژ ،
خوێن فرۆشی ،
روویەکیانە ،
دزی و گەندەڵی و جەردەیی ،
بێ ویژدانی بێ بەزەیی ،
بە بێ شەرمی و بێ پەردەیی ،
پەرستنی لەشفرۆشان ،
سۆفی کونجی مەیخانەکان ،
بادە نۆشی ،
راستی روویەکەی تریانە .
لە ماڵی خۆ ، پڵنگ و شێر ،
ئازا ، چاوو نەترس ، بوێر

له راستیدا ،
خزمەتکاری ،
کۆیلەیی ، عەبدی و بەردەیی
چاوو شۆڕ کردن ،
کورنۆش بردن
بۆ بێگانه
سیماو شێوەی سێهەمیانه ،
من نمونەی خەڵکێلێکی ،
رووت و رەشم ،
لەوەتەی هەم ،
دەربەدەری و ماڵ وێرانی ،
ئەشکەنجه ، لێدان ، زیندانی ،
ژیانێکی به بێ ئاوو به بێ نانی ،
بووەته بەشم ،
بەڵام ئەمڕۆ ، چاوەڕوانی ،
پاشه رۆژێکی زۆر گەشم ،
بۆیا ، ئەمڕۆ

دەم بە فەریاد ،

بە هاوارم ،

دژ ، بە رابەری کورد فرۆش ،

دژ بە رابەری زۆردارم .

# دەرویشەکان

چەند درێژە کە تەمەنتان ،
چەند شیرینە لەش و گیانتان ،
کە هەر رۆژێک دەیفرۆشن
بە لایەنێک ،
وا بە هەرزان ،
لە هەڕاجخانەی کۆیلەکان ؟
تاکو دوێنێ لە باوەشی شای ئێران بوون ،
لە پاشاندا ، بە خومەینی دڵتان دۆڕان ،
دەمێک دەرویشی تەکیە بوون ،
تەکیەکانی ئالی قەحتان ،
کە ئەوانتان مل لە پەت کرد ،
رووتان سوڕان ،
بۆ تورکانی ئالی عوسمان ،

لە سەر دەمێك كۆمۆنیست بوون ،
قیبلە روو لە كرملین بوو ،
وحی تازە كە دابەزی و بوون بە ماوی ،
ئەوجا قیبلە بەرەو چین چوو ،
كە كۆمۆنیست پەردەی سووری لە روو لادا
دەستەی چەكوش هاتە شكان ،
دەمی داسیش كەل و كول بوو
فریای نەكەوت دەمە زەردەو
رەندەو هەسان ،
جارێكی تر بە بێ شەرم و
بە بێ حەیا ،
بەرەو لەندەن و ئەمریكا
رووتان بادا ،
دیسان قیبلە واشنتۆنەو
میحراب لەندەن ،
سەروەر دیسان ئەوانن و
ئێوە بەندەن ،

ئێوه دیسان ،
دۆڕاوەکەی هەمیشەیی
ئەوان هەمدیس بەرەندەکەن .
ئەی لاوانی پێگەیشتووی
پاش دوو هەزار ،
وەکو ئێمەی ئێستا مەنوون ،
رابن ، هەستن ، هوشیار ، بیدار ،
وەدەریانخەن ئەم چەتەو ڕێگا بڕانە ،
سەر لێشێوین ، رێ وون کەرن ،
لە ئێمەی کورد ،
ئەم کەللەو مێشك بۆگەنانە ،
ئەم سەرۆك و رابەرانە ،
تاکو ببن بە پەن و
رسوای زەمانە .

# کورتە شیعرێک

چۆن نامرم ،
چۆن ناسووتێم ،
چۆن دۆزەخی نەبینراو
لە سینەمدا نابینرێ ؟
کە ببینم خۆشەویستی
هەزار ساڵەم
لەبەر چاووم داگیر کرێ .

# سوپاسی دوژمن

له پێناوی شادی تۆدا
خۆشەویستە نازدارەکەم ،
دوژمنێکی دێرینەی خۆم
زۆر سوپاس کرد ،
کە بە باشی
لە تۆ دوا ،
کە تۆی باس کرد .

# غەریبی

یەك ، دوو ، سێ ، چووار ،
بوو بە هەزار ،
وا تێپەڕین بە پێشمدا ،
لە راستیدا ،
گشت خەڵکی شار ،
بەڵام ئەفسووس ،
نە نیگایەك هاتە نێگام ،
نە زەردەیەك ،
قیری سیا ،
با تاڵیش بێت وەك ژاری مار .

# ئەهریمەنان

ئەهریمەنن رابەرانی وڵاتەکەم ،
ئەهریمەنی سەدەی بیست و یەکەم ،
دەبێ رقی کام ئیزەدیان هەڵساندبێ ،
دەبێ دڵی کام پەرییان شکاندبێ .
دەبێ خوێنی چەندین هەزار ،
لاوی کوردیان رژاندبێ ،
کە بەم جۆرە بەر نەفرینی خودا کەوتون ،
لە ئاکامی ئەو نەفرینەو لە رقاندا ،
وەك هێرشی گورگی برسی بۆ رانە مەڕ
ئەمان بە گیانی کورد بەر بوون .

# باڵۆن

ئەم باڵۆنەی نێو دەستانم مەتەقێنن ،
دوا باڵۆنە کە پڕ لە بای کوردستانە ،
چونکە تەنیا چەند رۆژێکی کورتم ماوە
جێدەهێڵم ، ئەم جیهانە ،
ئارەزوومە هەڵمژینی ئەو بایە بێت ،
دووا هەناسەم ،
کەس نازانێ ، کەس تێناگات ،
چەند بە تاسەم ،
چەند بە پەرۆشی ئەو خاکەم .
خاکی بابم ،
خاکی داکم ،
خاکی کاکەم .

# شۆڕشی ئەیلول

شۆڕش مەڵێ ،
ئاشی هەژار ،
خودا خۆی دەیبرد بە رێوە ،
گەر ئارەزووی خودا نەبا ،
خۆی را ناگرت ،
نە لەسەر دەست ،
نە بە پێوە .

# ئایەی ئەنفال

لە رۆژەوە ئایەی ئەنفال ،
لە شوێنێکی نادیارەوە ،
دابەزیوە ،
لەو رۆژەوە ئەو بڕیارە ،
لە هێزێکی نادیارەوە دەرپەڕیوە ،
پێغەمبەری ئاخر زەمان ،
بانگەوازی بۆ چڕیوە ،
لە هیچ شوێنێك ،
لە جیهانی کۆن و نوێدا ،
لە نەتەوەی کورد بەولاوە ،
هیچ میللەتێك رۆڵەکانی ،
وەك پەڕی گوڵ ،
بەو ستەمە نەوەریوە .

# شێرو خەت

چی دڵمان خۆش بێت
بەم دوو دەوڵەتە
دوو رووی یەک پارەن
یەک شێر یەک خەتە
چەند دڵێک نەبێت
بەوانە خوشەو شادەو کامەران
ئەوانی ترمان
وەک خاکی تینوو
دڵمان لەت لەتە .

# ماسی بەختم

خەمبار نیم ئەمڕۆ
بێ ماڵ و پارە ڕێدەخەم ژیان
جارجار بە برسی ،
جارجار پادشام بە ئاوو بە نان
دۆخێکی کورتە هاتووەو دەڕوا
بەڵام دڵنیام
کە ماسی بەختم
مەلەوان دەکات
لە دڵی کوردان .

# بیری کوردایەتی

لە پێناو بیری کوردایەتیدا
خۆشی ژیانم فرێدایە چاڵ
ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵم
بوو بە ژاری تاڵ
بڕیارەو داومە
ڕێگا بەر نادەم
تا لە ژیان بم
با دوژمنانیش پێم بڵێن کابرا ،
دەژێ بە خەیاڵ .

# شیوەنی کوردان

لە کام وولاتە روژی سەدان کەس
هەڵدەواسرێ
بە گوللەی زۆردار مێشک دەپرژێت و
سینە دەدڕێ ؟
لە کوردستانە
بە دەستی تورك و فارس و عارەب
شیوەنی کوردان بە ڕۆژ و بە شەو
لە گوێ نابڕێ .

# بەڵێن

تا پەنجەی دەستم
پێنووس هەڵگرێ
دەنگی هەژاری کورد
دەردەبڕێ ،
گەر لە باڵەوە درایە بەر تەور
شانم ئەوکاتە
ئەرکی وەردەگرێ .

# دوو دیمەن

ئەوان زێر دەخۆن
منیش نانی ووشك ،
پەنجەی کیژانیان
لە نێو قژدایە ،
منیش ئەسپێ و رشك ،
لە بن سەریاندا
خشەی دولا رو
خشەی پاوەنە ،
منی پێشمەرگەی
چەنای چەند ساڵەش ،
خشەی مۆریانەو
خشەی جرج و مشك .

# مەشق

( لە کتێبی رەشەبای رقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت دا بڵاوم کردووەتەوەو وەکو دووا وسێیت لە دووا لاپەڕەی هەموو کتێبەکانمدا بڵاوی دەکەمەوە )

کوردینە وەرن ،
منداڵەکانمان لە منداڵییەوە ،
لە باتی باسی دونیاو دین ناسین ،
رۆژی چەند جارێك ،
لەسەر سێدارەی ،
وورد وورد هەڵواسین ،
تا ئەگەر هات و
بیری خەباتی سەختیان هاتە سەر ،
چاوویان نەترسێ ،
کە لە رێگادا ،
سێدارەو پەت و مەرگیان ،
هاتە بەر .

# چاپکراوەکانم

2 . **چووارینەکانی یوسف سدیق زەنگەنە .**
بەشی یەکەم . 81 :2 .

3 . **چووارینەکانی یوسف سدیق زەنگەنە .**
بەشی دووهەم . 84 :2 .

4 . **بازاری شۆریجە** . چیرۆك و رووداوو .
84 :2 .

5 . **دهۆك و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە .** 84 :2 .

6 . **پەپوولەی باڵ شکاوو** . کۆتایی 86 :2 .

7 . **سکاڵای کوردیکی دڵسۆز** . 87 :2 .

8 . **کۆترەکەم و شۆرشی کوردستان** . 87 :2 .

9 . **وازم لیبێنن دڵداری ناکەم** . 87 :2 .
چیرۆکێکی کۆمەڵا یەتییە .

: . **رەشەبای رقی پیشمەرگەیەکی سەرشێت .**
چاپی یەکەم . 96 :2 .

21 . **هەمان کتێب** ، چاپی دووهەم ، 97 :2 .

22 . **ئیملا** . وەرگێڕاو لە فارسییەوە . 98 :2 .

23 . **سوتۆ و تەتۆ** . وەرگێڕاو . 99 :2 .

24 .**نەسرین** . 3111 .

25 .**بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی:** کە لە ساڵی 85 :2 دا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا .

26 .**دەزگیرانەکەی باوکم:** چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە بۆ شانۆ .

لە گەڵ ئەوانەدا کە نێویان هێنرا بە دەیان کورتە چیرۆك و چیرۆکی شانۆگەری و شیعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی ، عارەبی ، فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامە و وەرز نامەی جۆراوجۆردا بڵاوکردووەتەوە ، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت ئەوا لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە .

جگە لەوانەی کە باسکران ، بە دەیان کۆڕو سمینار و وانەی تەلەفیزیۆنیشم ئەنجام داوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز .

# چاپنەکراوەکانم

2 . **نەسرین** . چاپی دووهەم ، بە دەستکارییەوە . لە ژێر چاپدایە .

3 . **بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد** : ( هەڵبەست ) لە ژێر چاپدایە .

4 . **تەنەکەی زبڵی خودا :** چیرۆك و بەسەرهات . لە ژێر چاپدایە .

5 . **هەزار کیلومەتر خوێن:** بەسەرهاتی کوردانی ئەنفال کراوە .

6 . **لە رووانگەی پێشمەرگەیەکی سەر شێتەوە .**

7 . **یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە 0444 ساڵ**: چۆن فرۆشرا .

8 . **مەکری پیاوانی کورد :** چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە .

9 . **مامۆستای گوندەکەمان:** چیرۆکیکی شانۆگەری درێژەو لە ساڵی 2: 82 لە چەند دانەیەکدا بڵاوکرایەوەو برێك لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاوونەترسی شۆریجەیی لەسەر شانۆدا نوواندیان .

: . **زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئایینەکەی .**

21 . **زەردەشت تاوانباریکی بێتاوان:** ئەو لۆمەو تانانەی نایاران بە زەردەشت و ئاینەکەیانەوە چەسپاندووە .

22 . **بەڵێ زەردەشت کورد بوو .**

23 . **کاریگەری ئاینی زەردەشت لە سەر جوولەکەو ئیسلام:** هەروەها باسم لە کاریگەرییەکەی کردووە لە سەر و سوقرات و ئەفلاتۆن و برێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژاواییەکان .

24 . **ئابووری سیاسی:** سەرەتایەك بۆ لاوان .

25 . **پیشەکییەك بۆ سیاسەت .**

26 . **مام احسان و مەلا موستەفا بارزانی:** باس لە یەکەمین چاووپێکەوتنی ژنرال احسان نوری پاشا سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مەستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی 72 :2ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی 2: 84 لە ژوورەکەی مندا روویداو کورتەیەك لە گووتوبێژەکانیان . هەروەها بردنی مام احسان بۆ ماڵی بارزانی پاش 4 ساڵ و ئەو گرفتانەی کاك مسعود بارزانی بۆی دروست کردم لەسەر ئەو کارەم . کورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفیزیۆندا باسکراوە و بەم زووانە بە شێوەی کتێب بڵاوی دەکەمەوە .

27 . **لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە:** باس لە ئەرێنی نێوان خانەوادە دەکات .

28 . **پشکنەر کۆلۆمبۆ لە کوردستان:** چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە بارەی چۆنیەتی پەیدا کردنی ئەوکەسەی کە پیلانی لە گۆڕ دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی کێشا ، لە لایەن پشکنەر کۆلۆمبۆوە کە لە ئەمەریکاوە بانگهێشت کراوە بۆ ئەو مەبەستە .

29 . **نامیلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وردەگێردرین بۆ زمانی کوردی و عارەبیش .**

2: . **بیرەوەریەکانم لە چەند بەشێکدا ، لەوانە:**

- **بۆنی شیرو سیاسەت:** ژیانم بەر لە سالی 79 :2 .
- **6524:** دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی 75 :2 چی بوو ؟ چۆن بوو ؟ دەستپێك و ئاکام . بۆ و چۆن مام جلال تالەبانی کە ئەو سەردەمە پێشمەرگەی عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری عیراق بوو ، بڕیاری کوشتنمی دەرهێنا و لە شەوی نەورۆزی سالی 79 :2 گوللەباران کرام و کۆششی جەلالییەکان بۆ دەرمانخوارد کردنم لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووك .

- **پاراستنەکەی شۆرشی ئەیلولی 6526 یا رووخێنەرەکەی ؟:** بەڵێ من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد .
- **دوای کوشتنم:** ژیانم دوای 79 :2 و تا 86 :2 .
- **هەرەسەکەی 6531:** ژیانم لە تاوارگەی ئێران و ئەوروپا . من دامەزرێنەری یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی بووم پاش هەرەسەکە ، بە بەڵگەو دوکومێنتەوە . کەی و چۆن هەرەس هێنەران هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا . من یەکەم کەس بووم لە ئەوروپا بیری گۆڕانم هێنایە بوون و شەمی دەست پێکردنیم لە تەلەفزیۆنی میدیاداو لە بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری 21.22.3111 دا هەڵگیرساند .
- **شۆرشێك کە ئاواتەکانی لە بار چوون:** باسی ئەو گرفتانەیە کە کاك مسعود بارزانی و (قیادە الموءقتە )کەی بۆیان دروست کردم و ئەو پیلانانەیە کە دژ بە من و بۆ لە نێوبردنم کێشرا ، هۆیەکانی و ئاکامەکانی .

31 . **هۆرەکانی شەکسپیر:** ئینگلیزی و کوردییە . ئایا شەکسپیر ئەوەیە کە باسی لێدەکەن ؟

32 . **شارەکەم کەرکووک:** لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا . کورتەیەکی لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە .

33 . **لە پێناوی مێردەکەیدا:** بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا . بەشی یەکەم لە پێناوی مێردەکەیداو بەشی دووهەم ، لە پێناوی کۆرپەکەیدا .

34 . **تهافت التهافتين:** امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی احمد ابو حامدی الغزالی ، لەساڵی 216:ی زایینی لە توسی خۆرهەڵسانی ئێران ، هاتە جیهانەوەو لە سالی2225 کۆچی کرد ولە نێوان ساڵانی 2 :21 تا 6 :21 کتابی **(تهافت الفلاسفه۔ رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان)** ی نووسی و زۆر لە بیروباوڕی فەیلەسوفەکانی یونان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کردو رامالکاند .

دوای تێپەڕبوونی78 ساڵ بەسەر لە دایکبوونی الغزالی لە قورتووبەی وڵاتی ئەندەلوس یانی لەساڵی 2237 ی زایینی ابی الولید محمد کوڕی احمد کوڕی محمد ابن رشد القرتبی هاتە جیهانەوەو لە ساڵی 9 :22 دا لە مراکش کوچی کرد . ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت۔ رۆخانی روخێنەرەکە ) کە

مەبەستی روخانی کتێبەکەی الغزالیە و ئەویش بۆچوونەکانی الغزالی بووچەل کرد . بە یاری پەروەردگار من لە دوا بەشەکانی تەواو کردنی کتێبێکدام کە 39 ساڵی رەبەقە کاری لەسەر دەکەم بە نێوی **(تهافت التهافتین۔ رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە )** و ئەگەر پەروەردگار یار بێت لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا پشتی ئەو دوو کەڵە سوارە دەکوتم بە زەمینداو کراسێکی لە شاڵو بیری پاکی کوردی دروستکراو بۆ فەلسەفە دەدوورم و لە بەری دەکەم و جلە کۆنەکانیشی دەخەمە گۆڕیکی چەندین گەز قوولەوەو نایەڵم نێویشی لە نێواندا بمێنێت . چاوەڕوانی بن و لە پەروەردگاریش داوای سەرکەوتنم بۆ بخوازن .

35 . **خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت:** بۆچوون و بیروراکانمە لە مەر فەلسەفەو گیروگرفتەکانی . ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی 3 : :2 دا بڵاوبێتەوە ، بەڵام وەك لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاو کرایەوە تەنیا وێنەی بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەرۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شیعری بڵاونەکراوەیان لە ماڵەکەمدا لێ دزیم بە کومپیۆتەر و دەست نووسینەکانیشەوەو تا

ئێستاش دز هەر نەدۆزرایەوەو سێ وولاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبار کرد بەوکارەو لەو کاتەشەوە بە شەوو بە رۆژ بە کوون و قوژبنەکانی مێشکمدا دەگەڕێم بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی و لە خودا بە زیاد وورده وورده خەریکم دیوارەکانی بەرز دەکەمەوەو بە کوێری چاووی دوژمنانی زانست و زانیاری راست و پاك و رەسەن بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەبۆشم . چاوەڕوانی ئەمەشیان بن و بزانن بۆ: لە دایك بووین ؟ مەبەست لەم هات و چوونە بە پەلەیە چییە ؟ بەهەشت و دۆزەخ لە کوێدان ؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو چەندە و بەرەو کوێ دەچێت ؟ خودا ئێمەی دروست کردووە یا ئەو دروستکراوەی بیری ئێمەیە ؟ ئایینەکان زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە دروست بوونیان چییە ؟ ئایا پیغەمبەرەکان ، خودا هەڵیبژاردوون یا ژیری بیری خۆیان هێناوییانیەتە بوون ؟ فەیلەسوفەکانی جیهانی رۆژ ئاوا ، ئەگەر لە سەر زەمینی پیغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی نێوە راست بهاتابایەنە جیهانەوە هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا پیغەمبەر و بە پێچەوانەشەوە ؟ ئایا خودا ئادەمیزادی دروستکردووە یا لە تۆزو خۆڵی

تەقینەوە گەورەکە هاتووەتە بوون وەك ئاینشتاین و هاوبیرانی بۆی دەچن ؟ تیژڕەوی مادە (السرعە) ، هێز زۆرتر دەکات یا کێش ، وەك ئاینشتاین رای لەسەر دووهەمیانە ؟ ئەوکونە رەشانەی کە جارو بار بەر چاووی تەلەسکۆبە زەبەلەحەکان دەکەون چین ؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەك زانایان بۆی دەچن یا . . . ؟ !

خودا یار بێت پێش یا پاش مردنم دەکەوێتە بەر چاووتان و دەگەنە وڵامی زۆر لەو پرسییارانەی کە ماخۆلانی خستووەتە مێشکتانەوە .

# من کێم

3122/1:/22

ـ لە ژیانمدا ، بە سەرهات ، رووداو ، هەڵویست ، خەم ، ئازار ، بڕوانامە ، گەلێك زۆرن کە شانازییان پێوە بکەم بەڵام ، شانازییەك کە ئەو شانازییانە شانازی پێوە دەکەن ئەوەیە کە ، لە داییك بووی گەڕەکی شۆریجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم .

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری کەرکووك تێپەڕاند . بکالۆریوس و چەندین ماستەرو دکتۆرام لە زانکۆی تاران و زانکۆی لەندەنی بەریتانیا بە دەست هێناوە .

خوێندنەوە و نووسین لە سەرەتای ژیانمەوە ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووە ، هەروەها هەوڵدان و خوێندن لە پێناوی بە

دەست هێنانی بڕوا نامەی بەرزداو لەو بابەتانەدا کە لە منداڵییەوە نەخشەم بۆ دانابوون و سوپاس بۆ خودا ئەوپەری سەرکەوتنم بە دەست هێناوەو لەو بووارەدا ئارەزووەکانم هاتوونەتە دی .

شایانە بڵێم کەهەمیشە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەتی لاوان ئەوە بووە کە بە پێی توانی هەوڵی ئەوە بدەن ڕێگای خوێندن بگرنە بەر چونکە ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان کۆتایی دێت و بە کەڵکترین دەرمانیشە بۆ چارەسەرکردنی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان .

ـ وەك لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا ، کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا ، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لە گەڵ نووسیندا پەیدا کرد . بێگومان بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە هاندەری سەرەکی بوون . بۆ تێکەڵ بوونم لە گەڵ سیاسەتدا کەم بوونی خوێندەواران

بوو لە نێو گەورەکانی گەڕەکەکەماندا بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەنووسران و لە دووایشدا ئەوانەی کە لە لایەن شۆرشەوە دەردەچوون کە تا بڵێی کەم و کوورت و ناوەڕۆك لاوازیش بوون .

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (کە هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەرو شەهید ، مامۆستا حسیب و مامۆستا عمر شریفم، کە ئەو دوو کورد پەروەرەوە بوون ریگای پاکی کوردایەتیان پیشاندام و تاوەکو ئەمرۆ لە سەری ماووم تا مردنیش هەر دەمێنم .

لەبارەی نووسینەوە ، وەك ئاماژەم بۆ کرد ،کەم بوونی بڵاوکراوەی حزبی و تینوو بوونی خەڵك بۆ زانینی هەواڵ بوو کە هانیاندام بۆ ئەوەی بە نێوی شۆرشەوە بنووسم و بخوێنمەوەو

سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕش و لێپرسراوە لە چاڵی دوواکەوتندا چەقیوەکانی بێت .

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی ـ ***گەشت بۆ نومرە هەشت*** ـ کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیرو سەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوێیەکدا بخوێنرێتەوە ـ یەکەمین نووسراوومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قوتابی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بووم .

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم بە مانای (چەپی) و نە هەرگیز کۆمۆنیست و نە ئایدیۆلۆژییەکەییم بە گونجاو رەچاو دەکرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کورد ، بەڵام ، ئەوەی منی نەدەناسی ونەیدەزانی نووسەرەکەی لاوێکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی

دەخوێندەوە ، کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی بە تەمەنی نووقم بوو و کوولاوی نێو مەنجەڵی بیروباوەڕی کۆمونیستییەو زۆریش لە نزیکانی خۆم ئەو تاوانەیان پێوە نووساندم و لەوانە باوکی خۆم.[4] لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێك دەکات کە قوتابخانەی شۆریجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی نومرە 9ی نزیك بە دوبزی شاری کەرکووك بۆ سەیران و دووانە لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و تێبینیم کردو ئەو جییاوازییە لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێدا کە زۆربەی هەرە زۆریان بێگانە بوون بە تایبەت

[4] . بەسەرهاتی تاوانی کۆمونیست بوونم لە لایەن باوکمەوە لە ناوەڕۆکی کتێبی چیرۆکی وازم لێبێنن دڵداری ناکەم دا بە درێژی باسکردووە . دیارە هەر لە ئاکامی ئەوەدابوو کە لە ساڵی :2:8 کاك مسعود بارزانی و سەرکردایەتیە کاتییەکەی نامەیەکیان دابوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێیدا باسی ئەوەیان کردبوو کە شۆرشەکەی 72 :2یان شۆرشێکی ئیسلامی بووەو لە سەرەتاوە یوسف زەنگەنەو هاوبیرانی کردوویانە بە کۆمونیستی . باشبوو گەورە پیاوی دەسەڵاتداری ئێران ، مەسعود و خێزان و سەرکردایەتییەکەی لە خۆی چاکتر دەناسی و زانیشی لەو کاتەدا من تەمەنم چەند بووە .

ئینگلیز ، لەگەڵ شێوەی ژیانی ئێمەدا کە لە گەڕەکی شۆریجەی هەمان شاردا دادەنیشتین . هەروەها لە کتێبەکەدا باسم لە چەند رووداوی خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆشی منداڵانە کـردووە .

چ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەو چ لە پاش ئەوە ، خەمی نەتەوەکەم و خۆمم ووردە ووردە بە عارەبی و کوردیش دەڕژاندە سەر لاپەڕەی هەندێك لە گۆڤارو روژنامەکانی ئەو سەردەمەدا کە زۆربەشیان لە بغدادی پایتەختی عراق دەردەچوون ، تا گەیشتە شەوی نەورۆزی ساڵی 2:79 کە لە لایەن ئەو باڵەی شۆرشەوە کە خۆیان فرێدابووە باوەشی حکومەتی عراقەوەو رابەرەکەشیان ببوە پێشمەرگە عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری ئەو وەختەو لەپاشانیشدا حکومەتی بعس ، لە سەر نووسین و جموجۆلەکانم دژ بە دووبەرەکی و کورد فرۆشی

بڕیاری لە نێوبردن و کوشتنمیان دەرهێناو بە برینداریيەکی قورس وترسناك کۆتایی هات کە تا ئێستاش لە لایەن فیزیکییەوە پێیەوە دەناڵێم و لە لایەن معنوی و رەوانیشەوە گەورەترین و بەرزترین پاداش و پلەیەکە کە بە دەستم هێناوەو پێیگەیشتووم . کوردفرۆشان بەو ئاواتەوە بەو کارە هەستان کە دەنگی راستی کپ بکەن و چرای مەشخەڵی هەڵکراوە بکوژیننەوە کە بتوانن لە تاریکیدا وەکو ئەهریمەن بکەونە مروڤ کوژی و بردن و تالان ، بەڵام هەوڵ و ئاواتەکەیان نەهاتە دی و بە فیرۆدا چوو ئەگەرچی ئەو گوللانەی کە بە گییانە بێتاوانەکەی منیانەوە نا ، تینوویەتیانی نەشکاند و چەندین هەوڵی دیکەیان دا کە دەرمان خوواردم بکەن لە کاتێکدا بە بارێك کۆت و زنجیریش بەسترابوومەوە بە چارپایەکەمەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووکدا ، کە ئەو

تەقەللایانەشیان هەر بێسوود بوو و ئەوە نەبێت رووی رەشیانی رەشتر کردو چاوویانی لە بەرامبەر کورددا شۆڕتر .

ئەو رووداوە دڵتەزێنە نە هەر تاکە هەنگاوێکیش بەرەو پاشەوەی نەکشاندم ، بەڵکو هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی هەتا هەتایە رێڕەوی ئەو رێگایە بم کە گرتبووم و گرتوومەتە بەرو سوور تر بم لە تێکۆشانی بێووچان دژ بە کوردفروشان و ئەوانەی کە بە خوێنی کوردەوە بازرگانی دەکەن ، ئیتر ئەم باڵی شۆڕشە ئاوات لە بار چوو و دزراوەکەمان بێت یا ئەو باڵێ .

لە ژیاندا تووشی تەنگەچەڵەمەو ئێش و ئازارو ئاوارەیی و دەربەدەری برینداری و خەم و پەژارەو ئەشکەنجەو زیندانی زۆر بووم ، بەڵام ، بە شانازییەوە دەڵێم کە هیچ یەك لەو بەسەرهاتانە نەیانتوانی چۆکم بنووشتێیننەوەو لە شەڕی سیاسی نێواندا لەگەڵ لایەنە کورد

فرۆشەکاندا هەمیشە من سەرکەوتووی سەربەرز بووم ، چونکە ئەو بیرو باوەڕی کوردایەتییەی کە خۆم پێ چەکدار کردووە گەلێك لەو لایەن و بیروباوەڕە پووچەڵانە بەهێزترە کە کە بەربەرەکانی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن .
بۆیا وەك دەبینری و ئاشکرایە رابەرانی داگیرکەری ئەمڕۆی کوردستان ، هیچ بایەخێکیان نەماوەو تەنیا بە زۆری هێزی چەك و چەکدارە بە پارە راگیراوەکانیانە کە توانیویانە لە گۆڕەپاندا بمێننەوەو بێگومانم کە ئەم بارودۆخەش کوورت خایەنەو لە داهاتویەکی زۆر نزیکدا دەیان بینین ئەوانیش وەکو هەندی لە رابەرانی عارەبی هەڵهاتوو کوونە مشکیان لێدەبێت بە قەیسەری و وولات بە وولات و شار بە شار بە شوێن پەناگایەکدا دەگەڕین کە خۆیان تێدا بشارنەوە تا لە تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە ، رزگاریان

ببێت ، کە ئەم خەیاڵەشیان هەر خاوەو هێزی رەش و رووتان و هەژاران و کۆرپەی شەهیدان و بە جێماوی ئەنفالکراوان و بە گازی کیمیاوی خنکێنراوان ، ئەو هەولانەیان پووچەڵ دەکەن و رێگای هەڵهاتنیان لێدەبەستن و لەقەفەسی تاواندا رایان دەگرن و دەیانگەیینن بە سزای رەوای خۆیان .

# رێگای کوردایەتی

ـ رێگایەکە درێژ خایەن و پڕ لە مەترسی ، زیندان و شکەنجەو برین و برسییەتی و تینویەتی و بێبەرگی و دەربەدەری و ئاوارەیی و لۆمە و تانەو تیشە و لێدان و هەڵواسین و گوللەباران ، ئاسانترین ئەو بەسەرهاتانەن کە تووشی رێرەوانی دەبن ، بێگومان لە لایەن رێبرانی نێو خۆ و دەرەوییەوە .

ـ تەنها رێگایەکە کە کورد بەرەو ئازادی دەبات و کوردستانیش بەرەو رزگاری .

ـ رێگایەکی بەرفراوانتر لە رێگای تەنگی پارتایەتییە ، رێرەوانی لە روانگەیەکی بەرفراوانترو دووربینترو تیژبینترەوە دەڕواننە ئەندامانی نەتەوەکەمان ، هەموو کوردێك هاوڕێ و هاوبیرو یەکسان لەقەڵەم دەدەن و بە یەك چاوو تەماشایان دەکەن و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا خەبات دەکەن ، بە تەواوی بە پێچەوانەی پارتایەتییەوە کە هەر پارتێك تەنها تێدەکۆشێت لە پێناوی کەسانێکدا کە ئەندامی خودی پارتەکەن .

# بیروباوەڕی کوردایەتی

ـ تەنیا بیروباوەڕێکە کە کوردی هەموو گۆشەو قوژبنێکی کوردستان بە ئەندامی یەک خێزان و یەک خانەوادە دەژمێرێت و بیری یەکتر خۆشویستن لە مێشکیاندا دەڕوێنێت .

ـ بیروباوەڕێکە کە لە مێشکی کوردپەرستانەوە دەردەکەوێت و دەچێتە مێشکی کوردپەرستانەوەو بە نان و دۆ و چێشتی ساوەری کورد و خوێنی کورد ، پەروەردە دەبێت و بە دەست و بازووی کوردیش ئارمانی لە چاووگیراو کە دامەزراندنی وڵاتی کوردستانی سەربەخۆیە ، بە دەست دەهێنێت .

ـ ئەگەر تۆی کورد باوەڕت بەو خاڵانەی سەرەوە هەیە و لەو باوەڕەشدای کە داگیرکەرانی کوردستان ، رزگارکەری نین ، ئەوە جێگای ئومیدی و ئەگەر ، نا ، دەست لە خۆت بشۆرەوە .

# ناوەڕۆک


| نێوی هەڵبەست | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 2 . | سەرەتا | 4 |
| 3 . | دوای راپەڕین | 8 |
| 4 . | درۆزن | 36 |
| 5 . | برا پێشمەرگەکەم | 37 |
| 6 . | دارو بەردی کوردستان | 3: |
| 7 . | روحی زەردەشت | 41 |
| 8 . | زمانی کوردی | 44 |
| 9 . | خەمەکانم | 46 |
| : . | رۆژی سانت پاتریک | 51 |
| 21 . | من | 53 |
| 22 . | گڕوگاڵ | 56 |
| 23 . | رابەرانی دۆڕاو | 61 |
| 24 . | باسی دڵسۆزی | 64 |
| 25 . | گڕی بیری کوردایەتی | 66 |
| 26 . | کەرکووک | 68 |
| 27 . | چیرۆك بۆ منداڵان | 69 |
| 28 . | قودسی مام جلال ، دڵی کاك مسعود | 71 |

| | | |
|---|---|---|
| 29 . | ئاگر پەرستی | 73 |
| 2: . | دڵدارە درۆزنەکان | 76 |
| 31 . | کچی بەسە | 82 |
| 32 . | شەیدای کەرکووك | 85 |
| 33 . | رەشەبای رِق | 89 |
| 34 . | چیرۆکێکی شانۆگەری | 94 |
| 35 . | خۆشەویستی | 98 |
| 36 . | مێژووی کورد | :1 |
| 37 . | رابەرانی کوردی لە بەرد داتاشراو | :2 |
| 38 . | بێچووه چۆلەکەو رابەرانی کورد | :5 |
| 39 . | رابەرانی ئەمڕۆی شۆڕش | :7 |
| 3: . | لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمەوە | :9 |
| 41 . | دەریای ئاسنین | 211 |
| 42 . | چەند درێژە شەو | 215 |
| 43 . | کاتێك کە ... قسە دەکات | 217 |
| 44 . | ووردەواڵە | 225 |
| 45 . | مافی ئاژەڵ | 228 |
| 46 . | چیرۆکی شەو | 235 |
| 47 . | کاوە | 23: |
| 48 . | فرعەونەکانی کوردستان | 243 |
| 49 . | یەك پەند بۆ دوو سەرۆك | 245 |

| | | |
|---|---|---|
| 4: . | شەهیدانی بۆکان | 246 |
| 51 . | کۆترو پێشمەرگە | 249 |
| 52 . | گوڵی هیوا | 24: |
| 53 . | چیرۆك بۆ لاوانی ساڵی 3131 | 251 |
| 54 . | من کێم و چیم | 254 |
| 55 . | دەروێشەکان | 259 |
| 56 . | کورتە شیعرێك | 262 |
| 57 . | سوپاسی دوژمن | 263 |
| 58 . | غەریبی | 264 |
| 59 . | ئەهریمەنان | 265 |
| 5: . | باڵۆن | 266 |
| 61 . | شۆڕشی ئەیلول | 267 |
| 62 . | ئایەی ئەنفال | 268 |
| 63 . | شێرو خەت | 269 |
| 64 . | ماسی بەختم | 26: |
| 65 . | بیری کوردایەتی | 271 |
| 66 . | شیوەنی کوردان | 272 |
| 67 . | بەڵێن | 273 |
| 68 . | دوو دیمەن | 274 |
| 69 . | مەشق | 275 |
| 6: . | چاپکراوەکانم | 276 |

71 . چاپنەکراوەکانم 278

72 . من کێم 175

73 . رێگای کوردایەتی 296

74 . بیروباوەڕی کوردایەتی 297

75 . ناوەڕۆک 298